جەمال نەبەز

كۆبەرهەم
ژمارە(١٠)
زنجیرەی سەمینارەكان
و كۆڕە زانستییەكان
ژمارە (٥)

# فەلسەفە و رامانی یارسانی

# لە

# فەرهەنگ و كۆمەڵگەی

# كوردەواریدا

**وتارێکی سەمیناریيە :**

**بەبانگهێشتی کۆمەڵەی یارسان و، بەهاوکاریکردنی نێوەندی خوێندنی کوردی کە پێکهاتووە لە (کۆمەڵەی ژنانی کورد لە ڤێستراپوتەلاند و، یەکێتیی کوردان و، کۆمەڵەی کولتووری کوردستان و، کۆمەڵەی بێستوون و، کۆمەڵەی ژنانی کوردی فەیلی و، کۆمەڵەی بروسکەی رۆژهەلآت و، کۆمەڵەی کوردی یۆتۆبۆری و، ئابێ ئێڤی سوێدی).**

**لەرۆژی شەممەی ٢٦ / ٤ / ٢٠٠٨ دا لە یۆتۆبۆری(سوێد) پێشکێشکرا.**

**بەشدارانی بەڕێزی سەمینار:**

سڵاوێکی شیرین لەئێوەی بەڕێزبێ و، سوپاسێکی گەرمی بەشداریتان دەکەم بەم ژمارە زۆرەوە لەم سەمینارەدا. سوپاسی تایبەتیش بۆ کۆمەڵەی یارسان و، کۆمەڵە کولتووریکانی دیکە لە یۆتۆبۆری، کەئەم کۆبوونەوەیان رێکخست و ئێمەیان بەیەکگەیاند. هیوام وایە بتوانین لەڕێیی جڤینی ئەوڕۆمانەوە، تیشکێک ئاڕاستەی لایەنەکی رەسەنی کولتووری کورد بکەین، ئەو کولتوورە بێنازەی کەبەشێکی لەخاکدا نێژراوە و، تەنێ ئێسکوپروسکی ماوە، کەدەبێ هەڵیبدەینەوە و پێکەوە بیانلکێنینەوە و، بەشێکیشی خراوەتەسەر بەشی ماڵان، کەدەبێ خاوەنێتیی خۆمانیان بەسەردا بگەڕێنینەوە و، بەشێکی دیکەشی لەترساندا خۆی خستووەتە تاریکاییەوە و، پێویستی بەزاتدانەبەرخۆ و رۆناهییەک هەیە بۆ دەرخستنی.

**بەڕێزینە:**

بەرلەوەی دەستبکەین بەچوونەنێو باسەکە، بەپێوستی دەزانم سەرنجی بەڕێزتان بۆ بابەتێکی زۆر گرنگ رابکێشم، چۆنکە باسەکەمان ئەوڕۆ، پێوەندیی بە ئاینێکەوەیە، واتە بە باوەڕێکەوە هەیە. بۆیە لێرەدا رۆنکردنەوەیەک دەخەمە ڕوو، بۆ جیاکردنەوەی دوو شت لەیەک، یەکەم: **باوەڕ. دووەم: زانست.**

بنچینەی هەموو ئاینێک باوەڕکردنە بە رووداوی پشت خۆڕسک (میتافیزیک) و، کرداری پەرجۆ (معجزە) و، سەرئاسایی (خارق العادە)ی کە لەدەسەڵاتی مرۆڤدا نییە. باوەڕ شتێکی میناکییە (معنوی) کە لەهەست و، دەروونی مرۆڤدا لەشێوەی خۆشەویستییەکی بێهەندازەدا بەرامبەر بەو خۆشەویستە دروست دەبێ. تایبەتکارێکی باوەڕ ئەوەیە، کەنایەتە پێوانەکردن. راستی و ناڕاستیشی بەبەڵگە و تاقیکردنەوە ساخناکرێتەوە و، وتووێژی بابەتانەشی لەسەر ناکرێ. بەپێچەوانەی ئەمەوە، زانست

شتێکی ماکی (مادی)یەو، مرۆڤ لەئەنجامی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە و بەهەڵەچوونەوە، پێگەیشتووە و، راستی و ناڕاستیشی لەڕێی ئەزمونەوە ساخدەکرێتەوە. بۆ وێنە: ئەگەر منداڵێک بەدایکی گوت : دایە گیان تۆم زۆر، زۆر، زۆر، خۆشدەوێ، ئەو دایکە ناتوانێت تەرازوویەک بێنێت و سەنگی ئەو خۆشەویستیەی منداڵەکەی پێبکێشێ. بەڵام، ئەگەر منداڵەکە گوتی: بیست کرۆن لەگیرفانیدایە و، دایکە باوەڕینەکرد پێی، دەتوانێ کرۆنەکان بژمێرێ و، لەڕاستی و ناڕاستیی قسەکەی منداڵەکە دڵنیا ببێ. بۆئەمەی دواییان پێوانەیەک هەیە.

تایبەتکارێکی دیکەی باوەڕ، ئەوەیە کە بۆخۆت راستە و درۆنییە، واتە بەلای خاوەن باوەڕەوە، راستە. ئەگەرچی، لەلای خەڵکیدی راستنەبێ. لەبەرئەوە، باوەڕ، هەرچەندە بەبەڵگەی ماکی و تاقیکردنەوە ساخناکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، بەدرۆ دانانرێ و دەبێ لەدرۆ جیابکرێتەوە، چۆنکە، درۆ ئەوەیە کە مرۆڤ بەوپەڕی هۆشیارییەوە، وێنەی چیرۆکێک کە روویداوە بگۆڕێ، یان بەهەڵە بیگێڕێتەوە، یان لێیدابشکێنێ، یان بەدەمیەوە بدات و، شتی نەبوو نەکراوو رونەداو بخاتەسەری. بەڵام باوەڕ وەک خەونێک وایە کە کەسێک دیبێتی و وەک خۆی بیگێڕێتەوە. هەر بۆ وێنە: کەسێک خەونێک دەبینێت بەوەوە کە دراوسێکەی لەخەونیدا مردووە. ئەمە بۆ دراوسێکەی دەگێڕێتەوە. دراوسێکەی، مافی ئەوەی‌نییە پێیبێژێ تۆ درۆ دەکەیت، ئەوەتا ئەز سپ و زیندووم و نەمردووم. چۆنکە، خەونی ئەوکەسە، وەک خەون، راستە و ئەوکەسە درۆی نەکردووە. ئەو خەونی دیوە. ئەگەرچی، دراوسێیەکەشی لەڕاستیدا نەمردووە. هەروەها خاوەن خەونیش مافی ئەوەی نییە، بەدراوسێکەی بێژێ، تۆ مافی ژیانت نەماوە، تۆ لەخەونی مندا مردبوویت. چۆنکە؛ ئەو بەخەون دیوێتی، نەک بەشێوەیەکی بابەتانە.

باوەڕی ئایینیش هەروایە. هەموو خاوەن ئایینێک کە باوەڕی بەخوای خۆی و پیرۆزمەندییەکانی ئاینەکەی خۆی هەبێ، ئەوە بەلای خۆیەوە راستە و، کەس مافی ئەوەی نییە پێیبێژێ "تۆ درۆدەکەیت و، ئەم باوەڕەی تۆ، هەمووی درۆ و پڕوپووچن" هەر، لەبەر ئەوەی باوەڕی کەسی دووەم، لەباوەڕی کەسی یەکەم ناچێ. کەسی یەکەمیش مافی ئەوەی نییە؛ هەرخۆی بەڕاست بزانێ و، کەسانی دی بەدرۆزن. چۆنکە؛ سەرچاوەی باوەڕ خۆشەویستییە و، لەخۆشەویستیدا درۆ و راستی نییە و، خۆشەویستی؛ هەستێکی میناکییە و ناچێتە ژێر هیچ قانوون و دەستوور و پێوانەیەکەوە

و، نەبەزۆر دروستدەکرێ و نەبەزۆر دەسەپێندرێ و، نەبەزۆریش بەریدەگیرێ.

لێرەدا حەزدەکەم چیرۆکێکی خۆشی سەربەم بابەتە بگێڕمەوە بۆتان: ساڵانێکی دوور لەمەوبەر لەزانستگەی گراتس (نەمسا)وە بانگێشتکرابووم بۆ پێشکێشکردنی سەمینارێک لەبارەی میتۆلۆژیای ئەو ئاینانەوە کە، یان لەنەزانین، یان بە مەبەست، بە "موسلمانە ساختەکان" دەدرێنەقەڵەم، وەک ئێزیدی و یارسانی و ئالەوی و ...هتد. دیارە لەمەدا باس هاتەسەر ئەوەی، ئێزیدییەکان بەپێی رامانی خۆیان، دەبێژن کە خودێ هەمووساڵێک لەجێژنی سەرساڵدا دێ بۆ سەردانیان لەچیای جوودی و، بە کوردی قسەدەکات لەگەڵیان و، چارەنووسی ساڵی نوێ دەبڕێنێتەوە لەگەڵیان و... هتد. کە سەمینارەکە تەواوبوو، کوردێکی خەڵکی باکووری کوردستان هاتە بەردەمم و، گوتی حەزدەکەم قسە بکەم لەگەڵت لەبارەی ئێزیدییەکان و چیای جوودییەوە، چۆنکە ئەوە وانییە وەک ئێزیدییەکان دەیگێڕنەوە. چیرۆکە راستەکە خۆم لەباوکمم بیستووە و ئەویش لەباپیرم و باپیریشم لەباپیری و...هتد. گوتم: "باوەڕ بفەرموو کاتم نییە، دەبێ زوو خۆم بگەیەنمە وێستگەی شەمەندەفەر و، هەر ئەم ئێوارەیە دەگەڕێمەوە ئەڵمانیا". گوتی: رندە (باشە) ئەرەبە (ترومبیل)ی من هەیە و تە بە ئەرەبە دبەم بانهۆفی ( بانهۆف، وێستگەی شەمەندەفەرە) کە چووینە نێو ئۆتۆمبیلەکەوە گوتی: "خودێ لنگێکی لەسەر چیاکەیە و، لنگەکەی دیشی بە هەموو جیهاندا دەگەڕێ و، چاوی لەهەموو شتێکە". گوتم؛ بۆچیوا ؟ گوتی: تەماشا دەکات بزانێ کێ گوناهێکی کردووە، کەڤر (بەرد)ێکی تێدەگرێ. جا کە بۆ وێنە نواندن، پەنجەیەکی خۆی دەچەقاند و، پەنجەکەی دی بەدەوریدا دەگێڕا، وەک پەرگاڵی هەندەسە هاتە پێش چاوم و پێکەنین گرتمی. لەوەدا گوتی "پێمەکەنە، خۆت کافرنەکە". گوتم: "باشە، بەردەکە زلە، بچووکە، چۆنە؟" گوتی: "بەرد بەپێی گوناهە. ئەوی گوناهێکی گەورە بکات، بەردێکی گەورەی تێدەگرێ و، ئەوی گوناهی کەمبێ، بەردێکی پچووکی بۆ دەهاوێ. ئەی نابینی هەیە کوێربووە، هەیە شەل بووە و، هەشە بە بەردەکە دەمرێ". گوتم: "باشە، ئەم هەموو بەردە لەکوێ دەهێنێ؟ گوتی: "ئەوە ئاسانە، حەوت هەشت فریشتە هەن، بەشەو و رۆژ بەرد دەگوێزنەوە بۆسەر چیاکە، گوتم: "بەچی"؟ گوتی: "بە ترێلی". بەڕاستی بە وشەی "ترێلی" زۆر پێکەنینم هات، چۆنکە ئەوەدەمە، نەمدەزانی "ترێلی" چییە، ئەویش زۆر پێیناخۆشبوو. دوایی دەرکەوت بۆم کە "ترانسپۆرت- لۆری" بووە بە "ترێلی". ئەویش

جۆشی گرتبوو، دەستی لەسوکانی ترومبێلەکە بەردابوو. گوتم: "کاکۆ پیچەک هۆشیاربە". گوتی: "نەترسە، خودێ بامەیە (نەترسە؛ خوا لەگەڵ ئێمەیە)" . لەوادابووین گەیشتینە وێستگەی شەمەندەفەر. کە ویستم دابەزم، دەرگەکەی تەنیشت خۆمم کردەوە و، لەناهۆشیاریی خۆم؛ لەکاتی هاتنەخوارەوەدا، تەپڵی سەرم بەر لاشیپانی سەرەوەی دەرگەکە کەوت و زۆر ئێشی هەبوو. ئەویش دەستبەجێ گوتی: "ها ئەوە کەڤر (بەرد)"! کە دابەزیم و پێکەنین گرتبوومی، سەرەڕای ئازار، جارەکی دی لەبەر وریانەبوون، ترومبیلێک بەلامدا واتێپەڕی، ئەگەر چەند سانتیمێکی دی نێزیک بوومایە لێی، لێمی دەدا. لەوەدا خۆم جووڵاند و ئەویش گوتی: "ها ئەوە کەڤرەکە دن" (ئەوە بەردێکی دی) گوتی: "ئێدی بەسە پێنەکەنی. لەکەڤری سێیەم رزگارت نابێ". ماڵاوایمکردلێی و چوومە نێو وێستگەکەوە و، پێکەنین منی بەرنەدا. لەواگۆنی شەمەندەفەرەکەدا ریزێک هەبوو. دووکەس بەرامبەر بەیەک دادەنیشتن و مێزێکی گچکە لەنێوانیاندا. کابرایەک بەرامبەرم دانیشتبوو. لچی خوار؛ چەناگەی بەلادا دەرپەڕیو. لووتی یەکجار درێژ. شەپقەیەکی لەسەردابوو، پەڕە قەلەموونێکی لێدابوو. بەڕاست شتێکی سەیر. منیش بیرم لەبەردە فڕکێکە دەکردەوە و پێکەنین گرتبوومی. تومەز کابرا وایدەزانی بەو پێدەکەنم. توورەبوو و گوتی: "هەڵسوکەوتی خۆت بزانە" گوتم: مەبەستت چیە؟ گوتی: "ناتوانی گاڵتە بەمن بکەیت". زۆر هەوڵمدا تێیبگەیەنم، کەگاڵتە بەو ناکەم و، شتێک روویداوە بۆیە پێدەکەنم، باوەڕی نەکرد و چوو سەرکردەی شەمەندەفەرەکەی هێنا بۆلام. چارم نەما. چیرۆکەکەم بۆ سەرکردەی شەمەندەفەر گێڕایەوە، ئەویش هەر پێکەنی و گوتی: "لەوێ دامەنیشە". بردمی بۆ جێیەکی دی. کە لەکابرا دوورکەوتینەوە، گوتی: "دوورنییە ئەمیش یەکێک بێ لەوانەی کە چەند بەردێکی بەرکەوتبێ". دەرکەوت کە مرۆڤیکە حەز بەگاڵتەو قسەی خۆش دەکات.

ئێستە با وێنەیەکی دیکە بۆ باوەڕ و، پێوەندیی بەخۆشەویستییەوە بخەینە بەرچاو:

ئەگەر کچێک لەبەشدارانی ئەم سەمینارەی ئەورۆمان، کوڕێکی زۆر خۆشویست و پێیوابوو کە لەهەموو جیهاندا کوڕێکی لەو باشتر دەستناکەوێ، ناتوانین پێیبێژین "تۆ درۆدەکەیت" چۆنکە؛ لەباوەڕی وێدا راستە و درۆنییە، لەبەرئەوە مافی ئەوەیهەیە رێزی ئەو باوەڕەی بگیرێت، بەڵام ئەگەر هاتو گوتی؛ ئێوەش هەمووتان دەبێ خۆشەویستەکەمتان وەک من خۆش بوێ، ئەودەمە رێزی ئەو داوایەی وێ ناگیرێ.

چۆنکە خۆشەویستەکەی، لەباوەڕی خەڵکی دیکەدا، وانییە وەک لەباوەڕی وێدا. خەڵکانی دیکەش هەروەک وێ، مافی ئازادییان هەیە، ئازادیش نابێ دژی ئازادی بێ، واتە دژی خۆیبێ. بۆئەوەی، نایەکسانی لەئازادیدا دروست نەبێ.

جالەبەر ئەوەی باسەکەی ئەوڕۆمان باسی رامانی یارسانییە، (کە لەباشووری کوردستان؛ بەتایبەتیی لە کەرکووک؛ کە بەنێوی "کاکەیی" یەوە دەناسرێن)، دیارە ئەم باسە دوولایەن دەگرێتە خۆی: یەکێکیان باوەڕە کە پێوەندیی بە یارسانەکان خۆیانەوە هەیە و، نیشانەکردنی راستی یان ناڕاستی هەرباوەڕێکی ئاینی، کاری ئێمەی مرۆڤ نییە، بەڵکو کاری خودێیە و، ئەمەش پاش مردن. بۆیە وا ئێمە ئەوە هەڵدەگرین بۆ رۆژی پەسلان (قیامەت). لایەنی دووەمیشی کولتوورە و، کولتووری یارسانی بەشێکە جیانا کرێتەوە لەکولتووری نەتەوەی کورد و، ئاشکرایە کە پاراستن و بەرگریکردن لێی بەرامبەر هەموو پەلامار ودەستدرێژییەک، فەرمانی سەرشانی هەموو کوردێکە، نەک تەنێ کوردە یارسانییەکان. بەتایبەتی ئەوڕۆ، کە کوردە یارسانییەکان، گەلێک پتر لەجاران بوونەتە ئامانجی چەوسانەوە و لەنێوبردن لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە. ئەزژی لێرەدا هەوڵدەدەم باسەکە بەشێوەیەکی بابەتانە بخەمە بەرچاوی بەڕێزتان.

**بەڕێزینە:**

ناسنامەی هەر نەتەوەیەک بریتییە لەسەرجەمی تایبەتکارەکانی فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە. واتە: هەر نەتەوەیەک بە کولتوورەکەیدا دەناسرێتەوە و پێناسەدەکرێ. ئەگەرنا، مرۆڤ لەهەموو جیهاندا هەر مرۆڤن و، ئەوەی لەیەک جیایاندەکاتەوە، بەر لەهەرشتێکی دیکە، کولتوورەکەیانە.

کورد، هەرچەندە مێژوویەکی زۆر کەڤنار و دەوڵەمەندی هەیە، لێ ئەم مێژووە، ناچڕوپڕ و کونوکەلەبەردار و، لەیەکهەڵوەشاوەیە. ئەز بۆخۆم، کاتێک سەرنجدەدەمە مێژووی کورد، وەک کۆشکێکی زۆر گەورەی داڕووخاو دێتە بەرچاوم کە ژوورەکانی لەژمارە نایەن و هەزاران کەلوپەلی جۆرجۆر و پارچە شتومەکی بەنرخ و بێنرخی تێدایە. ئەمانە، بەشێوەیەک شکێندراو و، قوپێندراو و، بەسەریەکدا تەپێندراون، کە یان، نالکێندرێن بەیەکەوە، یان بەیەکەوە لکاندنیان، دەستێکی وەستایانە و، تێکۆشینێکی ماندوونەناسانە و، کاتێکی لەبار و درێژخایەنیان گەرەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە

کارێک نییە، کە لەکردن نەیەت. کورد دەبێژن: "دەست کاردەکات، کەچی چاو دەترسێ". دیارە چاویش، زۆرجار، لەهەڵسەندگاندنی کاردا بەهەڵە دەچێت و، ترس بە خاوەن چاو پەیدادەکات و، پشتی سارددەکاتەوە. بەڵام مرۆڤی لێکۆڵەرەوەی زانستکار، ڕێ بەچاوی نادات بیترسێنێ. سەرنەکەوتنیش نابێتەهۆی ئەوەی لەدرێژەدان بەهەوڵ و تەقەلا بیوەستێنێ.

زۆرجار دەبیستین کەگوایە مێژوو بەرامبەر کورد دڵڕەق و زۆرداربووە. بەبیروڕای من ، ئەوە راستنییە. چۆنکە، مێژوو مرۆڤی دروستنەکردووە، بەڵکو مرۆڤ مێژوویان دروستکردووە. هۆی ئەمەش کە مێژووی کورد لەلایەن مرۆڤەوە وای بەسەرهێنراوە، هەر یەکئالینییە، بەڵکو فرە ئالییە. راستە، هەڵکەوتی جوگرافیایی کوردستان و، ئەو خێروبێرە زۆرەی کە تێیدا هەن، رۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لەم چارەنووسەی کورددا، بەڵام ئەمەش هەربەهۆی هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە بووە، کە بەشێکی ئەمەش خۆییە، واتە؛ کورد خۆی بەرپرسیارە لێی و، بەشێکی دیکەشی ناخۆییە، کە بییانی لێی بەرپرسیارن.

ئەم کوردستانەی ئەوڕۆ، کە سنوورەکەی لەچیاکانی قەفقاسەوە تا زەریای سپیی ناڤین و، لەوێشەوە هەتا کەنداوی فارس و کورد و عەرەب درێژدەبێتەوە، ... (جابۆیە لێرەدا کوردیش بەشدار دەبینم لەکەنداودا، لەپاڵ فارس و عەرەبەوە، چۆنکە ئەوەتا، شەرەفخانی بیتلیسی **٤١٢** ساڵ لەمەوبەر، لەشەرەفنامەکەیدا کە لە**١٠٠٥** ک. / **١٥٩٤**ز. دا نووسیویەتی، پەنجەی بۆئەوە راکێشاوە کە سنووری کوردستان لەتەنگەی هورمزەوە دەستپێدەکات و، کوردە لوڕەکانیش، هەتا ئەوڕۆ، لەوشوێنانەدا نیشتەجێن) راستەکەی، دەبێ سنووری کوردستان لەڕۆژگارانی کۆندا زۆر فراوانتربوبێ لەوەی ئێستەی. چۆنکە ئەوەتا ئێستەش لەخۆراسان نێوچەیێکی گەورە هەیە بەنێوی کوردستانی خۆراسانی، کە کوردەکانی ئەوێ بەشێوەزاری کرمانجیی باکوور دەپەیڤن و، لەنێوچەی ئۆرال و لەسنووری کۆماری فیدراڵی روسیادا، نێوچەیەکی ئۆتۆنۆمیدار هەیە بەنێوی باشکوردستان و، لەنێوچەی هەیمانە **١٢٥** گوند هەن کە هەموو بەزمانی کوردی و بەشێوەزارێکی تایبەت بەخۆیان قسەدەکەن. هەروەها لەدەوروبەری زەریای خەزەریش، گەلێک نێوچەی کوردیی هەن و، چیرۆکنووسە فارس و عەرەبە هەرە کۆنەکانیش وەک ابن البلخی، خاوەنی "فارسنامە" (کە لەلایەن رۆژهەڵاتناس لیسترنجەوە لە**١٩٢١** دا لەکێمبریج چاپکراوە)، هەروەها أبواسحاق ألاصطخري، خاوەنی (المسالك و الممالك) و

المقدیسی خاوەنی (احسن التقاسیم في معرفة الاقالیم) باس لەگەلێک هۆزی کورد دەکەن کە لەشیراز و نێوچەکانی دیکەی فارسدا ژیاون. ئێستەش لەفارس کورد زۆرهەن، بەتایبەتی لەنیریز. ئەمە بێجگە لەوەی کەهەتا ئێستە، هێشتا ساخنەبووەتەوە، کە ئایە شێوەزاری مازەندەرانی، شێوەزارێکی کوردییە، یان زمانێکی سەربەخۆیە. شایەنیباسە، پەرتۆکی "کوردگال نامەک" کە ئاخوند سالْح (آخوند سالح)، گەورە وەزیری خان میرئەحمەد خانی یەکەم، فەرمانڕەوای قەلاتی بلووجستان لەسالْی **١٠٧٠** کۆچی (**١٦٥٩** ز.) دا بەفارسی نووسیویەتی، باسی مێژووی کورددەکات، هەر لەسەردەمی مادەکانەوە، تا ئەوکاتە، لەوەش دەدوێ کە بەلووجەکان لەکوردستانەوە چوونەتە ئەونێوچەیەی کەئێستا بە بەلووجستان ناسراوە. ئەم پەرتۆکە لەلایەن بەڕێز هیوا زەندییەوە کە سەردەمێک وەک پەنابەر لەپاکستان دەژیا، کراوە بە کوردی و، بە پێشگوتنێک لەلایەن منەوە، لەهەولێر چاپکراوە.

**پرۆفیسۆر ئاغا نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلووج**، مامۆستای زمان و وێژەی بەلووجی لەزانستگەی بەلووجستانی پاکستان، لەو پێشگۆتنەدا کە بەزمانی ئینگلیزی بۆ ئەم پەرتۆکە نووسیویەتی، بەڕەوانی پشتگیریی ئەو تیۆرە دەکات کە بەلووجەکان بە بنەچە و رەچەلْەک کوردن و، زمانی بەلووجی لەتێکەلْبوونی شێوەزاری کوردیی تیرەی براخۆیی، لەگەلْ زاری ترکیی هۆزە تۆرانییەکانی ئەو سەرزەوییە پەیدا بووە و، هەر لەوێدا رەخنەی توندوتیژی لەرۆژهەلاتناسی ئینگلیز دەنیس برەی **Denys Bray** دەگرێ کە لەلێکۆلْینەوەکەیدا لەبارەی بەلووجەکان و زمانەکەیانەوە، ئەم راستییە و ئەو سەرچاوە گرینگەی خستووەتە پشتگوێ. ئەرێ... ئەم کوردستانە، لەهەزاران سالْ لەمەوبەرەوە، مەلْبەندی زنجیرەیەک شارستانێتیی لەنێوچووی وەک: گۆتی و لولو و کاشی و ئیلامی و نایری و هەتیتی و سۆمەری و خۆری و مادی و میتانی و پارتی و یۆنانی و بابلی و ساسانی و، بنکەی فەرهەنگیی، وەک رامانە کۆنەکانی **هیندۆجەرمەنەکان (ئارییەکان) و میترایزم و زرڤانیزم و مەزدایزم و بوودیزم و مانیزم و شەمانیزم و مووسایی و عیسایی و ئیسلامی و پاپەکیزم** (لایەنگرانی پاپەکی خوڕەمدین، کە بەهاوکاریی مازیار لە **٢٠١ — ٢٢٢** ک. سەرکردەیەتیی شۆرشێکی گەورەی لەچیاکانی کوردستاندا، دژی **خەلیفەی عەباسی موعتەسەم**، کرد، پاشان بەفرتوفێلْی هاوکارێکی، کە نێوی خدری کوڕی کاوس بوو، گیرا و بەفەرمانی خەلیفە، جانەوەرانە

کوژرا) و مەزدەکیزم (لایەنگرانی مەزدەک/مژدەک، لەنزیک کووت لەدایکبووە و چاککەری ئاینێکبوو، کە نێوی "درست — دێن" واتا: (دینی دروست)بوو. داوای یەکسانی دەکرد. لەلایەن موخەکانی زەردەشتەوە، بەهاودەنگیی دیانەکان، بەفەرمانی شای ساسانییەکان کوژرا) و بەهایی بووە. کورتوکرمانجی: بەشێکی کوردستان مێزۆپۆتامیایە کە بەێشکەی شارستانێتیی جیهانی بەنێوبانگە.

کوردستان، گۆڕەپانی جەنگی ماڵوێرانکەرانەی ئەو دەرودراوسێ و گەلە دووردەستانە بووە کە لەسەر دەستگرتن بەسەر کوردستاندا چوون بەگژیەکدا، یان لەشکرکێشیانکردووە لەدژی یەک و، بەکوردستاندا تێپەڕبوون، وەک رۆمەکان، کە بۆ شەڕی دەسەڵاتدارە فارسەکان، بەنێو کوردستاندا رۆیشتوون و کاولیانکردووە. یان مەغۆلەکان کە کاتێک بەرەو بەغدا بەکوردستاندا کشاون، لەهیچ تاوانێک نەپرنگاونەتەوە.

هەرچەندە تیۆر و وادانان (هیپۆتێز) لەبارەی بنەچە و رەچەلکی کوردەوە، یەکجار زۆرن، وەک بنەمای خۆری و کاردۆخی و گۆتی و کوردۆئینی و هەتیتی و سۆمەری و ئیلامی و یافیتی و، تەنانەت عەرەبی و ترکی و فارسی و ئاشووریش، لێ هیپۆتێزی مادی، تائێستا، لەهەموویان نێودارترە و، بووەتە بەشێک لەمارشی کوردستان. ئەزخۆم هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە کورد لەمادەکان کۆنترن و، دەشێ مادەکان تەنێ تیرەیەکی دەسەڵاتداری کورد بووبن کە یەکەمین دەوڵەتی ئارییایان بەنێوی بوومی ئاریانامەوە لە ٧٠١ یان ٧٠٨ پ.ز. دا بەسەرکردایەتیی دیاکۆ دامەزراندووە و کۆتاییان بەدەسەڵاتی بەهێزی داگیرکەرانەی ئاشوورییەکان هیناوە و، رێیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی هەخامەنشینی تەختکردووە. ئەو شوێنەوارانەش کە لەمادەکان بەجێماون و لەکوردستاندا هەن، ئەوە دەگەیەنن کە مادەکان لەسەر ئاینی میترایزم (پەرستنی خوای خۆر) بوون. هەر بۆوێنە: ئەو نەخشەبەردەی کە لەقزقاپان ماوە و شاپڵێتەیەکی گڕاوی پێشاندەدا، نیشانەیەکە بۆ میترایزم. شوێنەواری مادەکانیش لەهەموو لایەکی کوردستاندا ماون. بۆوێنە: پەیکەری پیاوێک بەجلکی مادییەوە لە"دوکانی داوود" نێزیک سەرپلی زەهاو و، هەفت قەڵای هەمەدان (پێتەختی میدیا) و قەسرەکەی، هەتا ئەوڕۆش ماون. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ ئەوە بخەمە بەرچاو کە لەمیتۆلۆژیای کورددا، رەگەزی رامانە کۆنەکانی قەفقاسیش بەدی دەکرێن. ئەمە بێجگەلەوەی کە میدیا نێوێکە بۆسەر زەوییەک کە کوردستانی ئەوڕۆ بەشێکی بچووکی ئەو سەرزەوییەیە و، زمانی

کوردیش، بەڵگەی ئەوە دەدابەدەستەوە کە لەکوردستانی سەردەمی میدیادا، بەزمانی ئاڤێستا قسەکرابێ و، زەردەشتیش لەکوردستانی ئەوسەردەمەدا لەدایک بووبێ. لێ لێرەدا دەبێ بێژین کە بنەچە و ڕەچەڵەک ناکرێنە پێوانەی شارستانێتی، بەڵکو فەرهەنگ دەکرێ بەپێوانە. کە فەرهەنگمان کردە پێوانە، دەتوانین بێژین کە فەرهەنگی کورد؛ لەیەککگرتنی هەموو ئەو فەرهەنگانە پێکهاتووە کە لەکوردستاندا هەبوون، بەڵام یەککگرتنێکی سینکرێتیستانە، نەک تەقلەهەڤانە، کە دوایی دێمەوە سەر ڕۆنکردنەوەی ئەو بابەتە.

راستییەکەی، جێی خۆشبەختییە کە لەکوردستاندا، ئەگەرچی داگیرکەرانی بیانی، بەتایبەتی، عەرەب و ترک و فارس، زۆر هەوڵیانداوە بەشێکی گەورەی فەرهەنگی کورد، بەتایبەتی زمان و فۆلکلۆر، بۆ خۆیان ببەن و، تیکەڵ بەفەرهەنگی خۆیانی بکەن و، بەهی خۆیانی بدەنە ناساندن و، بەشێکی فەرهەنگی خۆشیان، بەنێوی هاوئاینێتییەوە، بەسەر کورددا بسەپێنن، بۆئەوەی کورد ئاوەکی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا بەشی ئەوە ماوە، کە بکرێتە کەرەسەیەک بۆ لێکۆڵینەوە و پشتڕاستکردنەوەی فەرهەنگی کورد و، ئەمەش بەزۆری، لەو رامان و ئاینانەدا دەبینرێ، کە سەرەڕای هەموو بەربەرەکانی و بندەستکردن و بوختان بۆهەڵبەستن و تۆقاندنێک، هێشتا بەپێوەماون، وەک ئاینی یارسانی (کاکەیی، کە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران؛ بە "ئەهلی هەق" یش دەناسرێن) و ئێزیدی و ئالەوی و باجوان (باگ - وەند) و شەبەک و سارەیی و هەققە و ئاینی ئیسلامی کوردی، کە ئەمەی دواییان، لەو تەریقەتە دەروێشیانەدا رەنگیداوەتەوە، کە، یان لەکوردستان خۆیدا سەری هەڵداوە، وەک تەریقەتی قادری و نوورسی، یان لەدەرەوە هاتوون و، بەبیری کورد بیرازکراون، وەک نەقشبەندی و نیعمەتوللاهی. پێویستە لەم شوێنەدا بێژم کە سەرنجم بەرەو ئەم ئاینانە هەر لەمنداڵیمەوە دەستپێکردووە، وەک کوڕی پیاوێک، کە خوێندنی زانستەکانی ئیسلامەوانی، بەهەموو درێژی و قوڵییەکێیەوە، تەواوکردبوو، ئەگەرچی مەلایەتی نەکردبوو بە پیشەی ژیانی خۆی. لەهەمووشی باڵکێشتر ئەوەبوو، سەرەڕای باوەڕی تەواوی باوکم بە ئیسلامەتی، لەنێو کاکەیی (یارسانی) و هەققە و ئێزیدی و دیانەکان و جووەکانی کوردستاندا، گەلێک هاوڕێی نێزیک و دۆستی هەبوو، کە لەڕێی هاتوچوویانەوە لەگەڵ باوکمدا،

هەر لەوتەمەنەوە، ناسیاریم لەگەڵ ئەم ئاینانەدا پەیداکرد. لەو یارسانییانەی کە دۆستایەتیی لەگەڵ باوکمدا زۆر خۆشبوو، حەماغای خوبیلەزادەی کەرکووکی بوو، کە یەکێک بوو لەسەرکردەکانی کاکەییەکان و، باوکی ئەحمەد سمێڵ بوو، کە ئەویش هاوڕێی قوتابخانەم و، کوردێکی نیشتمانپەروەر بوو، ئەحمەد لەڕیزی شۆرشی ئەیلولدا کۆچی دوواییکرد، ڕەوانی شادبێ. پاش ئەوەش، تا لەرۆژهەڵات دەژیام، هەر پەرتۆک و وتارێک لەسەر ئەم ئاینانە بڵاوبکرانایەوە، کە بەداخەوە، ژمارەیان یەکجار کەم و پڕلەهەڵە و پەڵە و چەواشەکردن بوون، دەمکڕین و دەمخوێندنەوە. ئەوجا کە لەسەرەتای شەستەکاندا هاتمە ئەوروپا و، لەسەرەتای حەفتاکانی سەتەی رابوردوودا بووم بەکارمەندی زانستیی دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە رۆژهەڵاتناسی سەر بە دەزگەی لێکۆڵینەوەی ئەڵمانی، کە لەجیهاندا بە **Deutsche Forschungsgemeinschaft** بەنێوبانگە، لێکۆڵینەوەی ئاینەکانی ئێزیدی و یارسانی و ئالەوی و مانیم خستە بەرنامەی کارەکانمەوە و، بە گەلێک لەپەرتۆکخانەکانی ئەوروپادا گەڕام بۆ پەیداکردنی کەرەسەی سەر بەبابەتەکان و، لەگەڵ ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەکوردانی سەر بەم ئاینانە دوام و، کارەکەم لەدۆیچەفۆرشونگس گێماینشافتدا چوارساڵونیو درێژەیکێشا و، پاش ئەوەش، وازم لەپێوەندی و تۆژینەوەکانم نەهێنا، هەتا توانیم لێکسیکۆنێک بەزمانی ئەڵمانی، بەنێوی "لێکسیکۆنی میتۆلۆژیای کورد" ە وە بنوسمەوە، کە بەداخەوە تا ئەوڕۆ، بەهۆی بەرهەڵستی تەکنیکییەوە، چاپنەکراوە. هەر لەنیوەی یەکەمی هەفتاکاندا، دوو وتارم لە "لێکسیکۆنی جیهانی ئیسلام" دا، کە لەئەڵمانیا دەرچوو، بڵاوکردەوە، یەکێکیان لەبارەی کوردەوە و، ئەوی‌دیش لەبارەی ئێزیدییەوە بوو. لەوەدا، بۆ یەکەمینجار ئاماژەمدا بەوەی، ئەوانەی بە "یەزیدی" و "شەیتانپەرست" و "موسڵمانی ساختە" دەدرێنە قەڵەم، نەموسڵمانی ساختەن، وەک کلاوس مویلەری ئەڵمانی لەنەزانینەوە، ئەو نێوەی بڕی بەسەریاندا (سەرنجی: **Klaus Müller; Kulturhistorische Studie zur Genese Pseudomuslimischer Sektengebilde in Vorderasien Wiesbaden 1967** بدە) و، نەداروەستەی یەزیدی کوڕی مەعاویەن، چۆنکە یەزید موسڵمان بوو، بەڵام ئەمانە

موسڵمان نین. هەروەها شەیتانپەرست نین، چۆنکە، باوەڕیان بەخودێی تاکوتەنیٚ هەیە و، هەر لەبنەڕەتەوە باوەڕیان بەبوونی شەیتان نییە و، بۆ یەکەمینجار، ئەو راستییەشم پێشاندا، کە وشەی "شەیتانی کوردی" لە "شاتەن"ە وە هاتووە و، پێوەندیی بە "شەیتان" ی عەرەبییەوە نیە کە لە"ساطان" ی عیبریەوە هاتووە و، بەمانای دژایەتی و نەیارە و، لەزمانە ئەوروپاییەکانیشدا بەکاردەبریٚ. بێجگەلەوەش، نێوی راستینەی ئەمانە "یەزیدی" نییە، بەڵکو "ئێزیدی" یە و، خۆشیان بەخۆیان دەڵێن "ئێزیدی" و "ئێزیدی" و "یەزیدی" دوو وشەن، زۆر دوورن لەیەک. هەروەها تێکەڵکردنی وشەی "شا_تەن" ی کوردی بە "شەیطان" ی عەرەبی و، کردنی ئەمەش بەبیانوویەک بۆ رشتنی خوێنی ئێزیدی، لەلایەن مرۆڤی تەنگەتیلە و تاوانبار و گەوجەوە، رووڕەشییەکە بۆ ئەوانەی کە بەنێوی خواپەرستییەوە بازرگانی دەکەن. هەرلێرەدا دەبیٚ ئەوەش بخەمە بەرچاو، کە "ئالاوی" کە وشەکە لەبنەرەتدا پێوەندیی بە "ئار" و "ئاگر" ەوە هەیە، کراوە بە "عەلەوی" و، کوردە "ئالاوی" یەکانیش هێندە پێوەندییان بە "عەلەویەتی" و شیعەیەتیەوە هەیە، هێندەی شێکسپیر بە "شێخ زوبیر" ەوە.

ئەمەی بەسەر ئێزیدی و ئالاوی هێنراوە، بەسەر یارسانییەکانیش هێنراوە، کە بەناڕەوا بە "عەلیوللاهی" دراونەتە قەڵەم، لەکاتێکدا کە هیچ جۆرە پێوەندییەکیان بە "عەلیوللاهی" یەوە نییە و، ئیمامی عەلیش بە خوا نازانن و، یارسان، ئاینێکی لەکوردستاندا پەیدابووی سەربەخۆیە و، ئەورۆ ژمارەیان لەرۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا، پێکەوە، خۆی لە ٤ — ٥ ملوێن کەس دەدا و، لەنێو ترکزمانەکانی ئێرانیشدا، خەڵکێکی زۆر هەن کەسەربە ئاینی یارسانین و، بە "گۆران" نێو دەبرێن، کە ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ بنەچە و رەچەلکی کورد بوونیان.

لەئەنجامی لێکۆڵینەوەی قووڵدا دەرکەوت بۆم، کە ئەم ئاینانەی لەکوردستاندا پەیدابوون، یەک بنەڕەتیان هەیە و، هەرچەندە، لەماوەی سەتان ساڵدا، چەند نێوێکی جیاواز و چەند رێبازێکی کەمێک جیاجیایان وەرگرتووە، بەڵام هەتائێستەش، گەلێک تایبەتکاری بنچینەیی وەک یەکیان هەیە، کە لەدواییدا دێینەسەریان. ئەم ئاینانە، یان بەکوردی بێژین، ئەم رامانە فەلسەفییانە، لەئەنجامی یەکگرتنی ئەو رامان و ئاینانەوە

هاتونەتەکایە، کە لەسەردەمە جۆرجۆرەکانی مێژووی کوردستاندا پەیدابوون، وەک رامانە هیندۆئەوروپاییە کۆنەکان (ئارییاییەکان)، ئەوجا رامانی میترایزم (پەرستنی خودێی خۆر) و پاش ئەوە زرڤانیزم (زەمانی بێسنوور و بێلێوار) و دوای ئەوەش مەزدایزم (ئاینی زەردەشتی) و ئەوجا موسایی و عیسایی و مانیزم و ئیسلام و رامانە رامیارییەکانی وەک پاپەکێتی و مەزدەکێتی و هەلاجێتی (خاوەنی: ئەنەلحەق) و ... هتد. ئەم یەکگرتنەش، وەک گوتم، بەشێوەیەک بووە، کە نێوی دەنێم یەکگرتنی سینکرێتیستی، نەک یەکگرتنی تەڤلهەڤ (واتە: تێکەڵوپێکەڵ) و لەو یەکگرتنە، بووەیەکی نوێ دروستبوو، کە بریتیە لەفەرهەنگی کوردی.

نهۆ، بۆئەوەی باش لەمە تێبگەین، دەمەوێ جارێ مەبەستم لەسینکرێتیزم رۆنکەمەوە: سینکرێتیزم، وشەیەکە لەبنەڕەتدا یۆنانییە، کە ئەوەش سیگرێتیزمۆسە و، لەسەرەتاوە، بۆ یەکگرتنی دووشەڕکەر لەدژی شەڕکەرێکی سێیەم بەکارهاتووە، پاشان مانای وشەکە گۆڕانی بەسەرداهات و، بۆ تێکەڵبوونی چەند رامانێکی فەلسەفی، یان ئاینی، بەکارهێنرا، منیش بۆ یەکگرتنی رامانە کوردییەکان بەکارمهێنا، بەمەرجێک، ئەو یەکگرتنە، نەبێتە هۆی توانەوەی ئەندامەکانی لەنێویەکدا، واتە؛ هەرکاتێک بویسترێ، بتوانرێ وێنەی هەر رامانێک بەتەنێ بناسرێتەوە، بەڵام هەموو پێکەوە، رامانێکی نوێ بهێننە بەرهەم، کە ئەو رامانە نوێیە، سەر بەهیچ یەکێک لەمانە نییە، بەڵکو سەرجەمی یەکگرتنی هەموویانە پێکەوە.

بۆ وێنە: لەکۆرسێکی مۆزیکدا، دەبینین ژمارەیەک لەمۆزیکژەنەکان بەشداریدەکەن، یەکێکیان دەف لێدەدا، یەکێکیان تەموور لێدەدا، یەکێکیان فووبەشمشاڵدا دەکات، یەکێکی دیی کەمانچە دەژەنێ و هەروەها... تۆش دەتوانیت، چ بەچاو و چ بەدەنگ، ئەم ئامێرانە ببینیت و ببیستیت، بەڵام ئەوپارچە مۆزیکەی کە لەم یەکگرتنەوە دەردەچێت، نەدەفە، نەشمشاڵە، نەتەموورە و نەکەمانچەیە، بەڵکو سیمفۆنییەکە، واتە: شتێکی نوێیە و تایبەتکارێکی نوێی هەیە و، داهێنانێکە کە نابێتە هیخۆیی (ملک) ی تایبەتیی هیچ ئامێرێک و هیچ خاوەنئامێرێک، بەڵکو هیخۆیی هەموو بەشدارانی کۆرسەکەیە.

بادوور نەڕۆین و تەماشایەکی چەپکەگوڵێک بکەین کە دەخرێتە سەر مێزێک. چەپکەگوڵەکە بریتیە لەچەند گوڵێک و، هەریەکە جۆرە ڕەنگێکی هەیە و، هەمووشمان دەتوانین لەیەکیان جیابکەینەوە، بەڵام هەموویان پێکەوە، شتێکی نوێیان داهێناوە، کە ئەوەش چەپکەگوڵەکەیە، ئەو چەپکەگوڵەش، نەگوڵی سوّرە و نەگوڵی زەردە و نەلاسکی کەسکە، بەڵکو چەپکەگوڵە و، داهێنانێکی نوێیە. ئەو رامان و فەلسەفانەی لەسەردەمەکانی مێژوودا، لەکوردستاندا هاتوونەتە بوون، یان رێیان کەوتووەتە کوردستان، و بەهزری کورد زاخاودراونەتەوە، لەیەککگرتنیان بەوشێوە سینکرێتیستیەی کە باسمانکرد، کولتووری کورد دروستبووە. خۆئەگەر ئەم جۆرە یەککگرتنە وەربگێڕینە سەرزمانی رامیاری (سیاسەت)، دەبێ بێژین کە کولتووری کورد کولتوورێکی پلووراليستييە، کەدیارە پلووراليستی بەکوردی، مانای "فرەئالی" یە، نەک "تاکئالی"، کە ئەم وشەیە "تاکئالی" (واتە: یەکلایی) بەشێوەی "تەکئەل" **Tekel** کەوتووەتە زاری ترکییەوە و، بۆ مۆنۆپۆڵ (واتە: یەکدەستی) بەکاردەبرێ.

ئێستە، باسەرنجێک بدەینە میتۆلۆژیای ئەو ئاینانەی کە لەکوردستاندا هەبوون و، کارکردنیان لەپێکهاتنی ئاینە کوردییەکانی وەک: یارسانی و ئێزیدی و ئالەوی... هتد بخەینەڕوو و، تایبەتکارە هاوبەشەکانیان پێشانبدەین :

بەپێی میتۆلۆژیای هیندۆئەورووپاییە کۆنەکان، نێوی خودێ دێو (**Dêw**) بووە. کەئەم وشەیە هەتا ئەورۆش لەزمانە ئەورووپاییەکاندا هەیە. بۆوینە: ثێئۆس **θεός** ی یۆنانی و، دییوێ **Dieu** ی فەڕەنسی و ثییۆ **Theo** ی ئینگلیزی و تێئۆ **Theo** ی فەڕەنسی و ئەڵمانی، وەک لەوشەی **Theology** ی ئینگلیزی و **Theologie** ی ئەڵمانی و فەڕەنسیدا دیارە، کە مانای "زانستی خودێ" یە و ئەو وشەیە لەزمانی لاتینیی کۆنیشدا هەیە. ئاینی دێو پەرستی (واتە: خودێپەرستیی کۆن لای کورد) لەئاڤێستادا بەشێوەی دەئێڤایەسنا هاتووە، کە لەوشەی داسنیدا پاشماوەکەی دیارە. داسنی نێوێکی دیکەیە بۆ ئێزیدییەکان، لەمەشدا دەردەکەوێت کە ئێزیدییەکان، هەڵگری کۆنترین ئاینی کورد بوون، پێش سەردەمی زەردەشتی. پیرشالیاری (زەردەشتی) هەورامی، بەهۆنراوەیەک، رامانی دێو پەرستی و داسنێتی بەدژی "راستی" دادەنێ:

**راسی خاسییەن، راستی خاسییەن**

**راسی هەم مایەی وەشی و خاسییەن** (**وەشی = باشی**)

**نەک وەشی، بەڵکو پاکی و پاسییەن** (**پاسی = پارێزگاری**)

**دوژمنی چەنی دێو و داسییەن** (**داسی = داسنی**)

ئاینی میترایزم کۆنترین ئاینی کوردە، پاش ئاینی "دێو پەرستی" و، ئێستەش پەرستگەکەی لەکەنگەوەر، لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا ماوە. وشەی میترا کە لەسانسکریتدا میثرا (**Mithra**)یە، مانای خۆشەویستی (ئەڤینی) و (پەیمان) دەگەیەنێ. وشەی میهر و میر لەوەوە هاتوون. ئەم خوایە، لەپێشدا خوای خۆر و رۆناهی بووە و، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، وەک پارێزەری ئاسمان و زەوین و ئاوو، پاشان بەخوای جەنگ و سەرکەوتن و چارەنووس ناسراوە. پەیکەری ئەم خوایە، بەسواری ئارەبانەیەکەوە کە دوو ئەسپی سپی رایانکێشاوە ماوە. قوربانیکردنی گا، یەکێک بووە لەپێویستییەکانی ئەم ئاینە. چۆنکە میتراییەکان باوەڕیان وابووە کەخوێنی گا بیرژێتە سەر زەوی، دەبێتە هۆی بەپیتکردنی. هەروەها خواردنەوەی خۆشاوی سۆم **som** کە خۆشاوێکی مەستکارە و لەگیایەکی رەنگ زەرد دەگوشرێ، ئەوگیایە لەچیاکانی کوردستاندا هەیە و، بە ئاڤێستایی "هەئۆمە" یە، کە ئەمەش لەوشەی سانسکریتی "سۆماوە" وەرگێراوە کە مانای رۆناکییە و هەتا ئەورۆش هەر بەو مانایە لەزمانی کوردییدا هەیە. سۆم لەکاتی پەرستنی میترادا دەخورایەوە. هەروەها زەردەشتییەکانیش لەجڤینە ئاینییەکانیاندا دەیانخواردەوە. ئەم هۆمە،کە لەهەورامان زۆرە، لەلایەن یارسانەکانەوە دەخورێ و وەک دەرمان بەکار دەبرێ. دەبێ ئەمەش بیژین کە وشەی "هۆما" لەشێوەزاری کرمانجکی (زازاکی)دا بەمانای خوا بەکار دەبرێ، دەگوترێ: "هۆمای زانۆ" واتە: "خوا دەزانێ". پیرشالیاری هەورامی (زەردەشتی) کە لەسەتەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە و یاری شا باوەخۆشێن بووە، لە"ماریفەت و پیرشالیار"دا دەبێژێ:

**گۆشت جە واتەی پیرشالیاربۆ**

**هۆشت جە کیاستەی زانای سیمیاربۆ**

**هۆمم دەرمانن، هۆمم دەرمانن**

**هۆم پەیگردی دەردو دەرمانن**

**هۆم مایەی جوانیی بەر ئەورامانن**

**هۆم مایەی وەشیی دەروون زامانن**

( سەرنج: کیاستە = شاندی نێردراو. زانای سیمیار = زەردەشت)

شایانیباسە، قوربانیکردنی گا، کە لەمیترایزمەوە داهات، چووە نێو ئاینی جوو و ئەوجا ئاینی ئیسلامەوە. لەو نەخشەبەردانەی کەماون دەردەکەوێ، میترا لەشێوەی گەنجێکی جواندایە کە کڵاوێکی قووچی لەسەردایە و خەنجەرێک دەکات بەکەلەکەی گایەکدا و، دووپشکێک خۆی بەگونی گایەکەدا هەڵواسیوە و، مارێکیش خوێنی لەشی گاکە دەمژێ. ئەوەی دەشیزانین ئێزیدییەکان، گای کەڵدۆش دەکەنە قوربانی و ماریش یەکێکە لەو نەخشونیگارانەی کە لەپەرستگەکەیاندا هەیە و، کە نوێژیش دەکەن روو دەکەنە خۆر، کەئەمانە هەموو پاشماوەی میترایزمن. ئەوەش دەبێ بێژم کە لەدەوروبەری مووسڵ و نێوان رۆباری دیجلە و چیای زاگرۆس، واتە؛ لەو شوێنەدا کە ئێزیدیەکانی لێنیشتەجێن، چەند شوێنەوارێکی ئاینی میترایزم دۆزراوەتەوە. ئاینی میترایزم لەکوردستانەوە چووە بۆنێو بیزەنتینەکان و لەوێشەوە بۆ نێوچەکانی دیکەی ئەوروپا و هەموو جیهان. ئەوەتا ئەورۆش کە یەکێک بیەوێ لەخودێ بپارێتەوە، تاکو یارمەتیبدات بۆ راپەڕاندنی کارێک، دەستهەڵدەبڕێ بۆ ئاسمان. بێگومان خودێ هەر لەئاسماندا نییە، بەڵکو لەهەموو جێیەکدا هەیە و شوێنێکی تایبەتی نییە. بەڵام ئەم دەستهەڵبڕینە بۆ ئاسمان، پاشماوەی میترایزمە، چۆنکە خۆر لەئاسماندایە. هەروەها رامانی "میعراج"، واتە؛ چوونی پەیامبەری دیانان عیسا و پەیامبەری موسڵمانان محەمەد بۆ ئاسمان، هەر لەم سەرچاوەویە. کەرەنگە وشەی میعراج لەمیتراوە هاتبێ. ئاشکرایە ئەم رامانە چووەتە ئاینی ئیسلامەوە. ئەوەتا، لەقورئاندا هاتووە "**اللَّـهُ نُـورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْض** ..."(سورەتی "نور" ئایەتی **٣٥**) واتە: (خودێ رۆناکیی ئاسمانەکان و زەوینە...) بەپێی تەوراتی جووەکان، یەکەمین شت کە خودێ ئەفراندویەتی، لەپاش ئاسمانەکان و زەوی، رۆناهی بووە کە بەزاری عیبری ئوورە. هیچ دووریش نییە وشەی ئووری عیبری کە لەعەرەبیدا بەشێوەی گەل (جمع ) " أوار " هەیە لەوشەی ئاور/ئاگرەوە، یان خۆر/هۆرەوە هاتبێ کە بەئاڤێستایی ئاتەرە و بەپەهلەوی ئاتورە. دیارە میترایزم، پێش ئاینی مووسایی بووە. بەپێی کێشی میترایزم، رۆژێک میترا دێتەسەر

زەوین و، زەوین لەخراپە پاگژدەکات. ئەم رامانە، لەمیترایزمەوە چووەتە نێو مەزدایزم (زەردەشتێتی)، کە رزگارکەری جیهان لەشێوەی "سائۆشیانت" دا وێنا دەکات و، هەر لەمەشەوە چووەتە ئاینی دیانی (مەسیحی) و ئاینزای شیعەوە. کاتێک کە حەزرەتی مەسیح و "ئیمامی زەمان" جیهان لەشەڕی "جەجاڵ" (ئەوەی عەرەب و فارس کردوویانە بە "دەجال") رزگاردەکات. شایانی باسە "دەجال" وشەیەکی کوردییە و لە "دژ-ئاڵ" وە هاتووە. دژ دەزانین چیە و "ئاڵ" یش وێنەیەکی دیکەی "ئار" واتە "ئاگر" ە کە ئاگر رۆناهییە. واتە "دەجال" دژ بە رۆناهی و خوای رۆناهی "میترا" یە.

کە ئاینی دیانی پەیدابوو، زۆر دژی میترایزم وەستا. بەڵام گەلێک رێسای لەمێترایزمەوە وەرگرت. بۆوێنە: ئەگەر تەماشای بابا نۆئیل بکەین بەکڵاوە قووچەکەیەوە کە ئەویش هەر کڵاوە قووچەکەی سەری میترایە و، کەوا سۆرەکەشی هەر لەرەنگی سۆری میتراییەوە وەرگرتوە کە ئێستەش رەنگی سۆر لای کورد رەنگی شادی و ئازادییە. بێجگە لەمەش "شەوی شەوی بەراتێ" (بەرات لەبەرهاتەوە هاتووە) کە منداڵان بە ماڵانەوە دەگەڕێن و داوای پارە و دیاری دەکەن و گۆرانیەک دەچڕێنن بەم جۆرە "شەوی شەوی بەراتێ، سفرە بێنە جەماتێ. خانمی دەستبەزێڕێ، دەست لەکەندووان بگێڕێ. بەشی منداڵان بنێرێ"، یان دەبێژن: "ئەمشەو شەوی بەراتە، شەوی خۆشی و خەڵاتە، وا منداڵان دەگەڕێن، دەست بە دەرگەوە دەنێن،" لەئەورووپاش و کەنەداش هەیە بەنێوی "هالاووین" ئەمەش هەردیسان پاشماوەی میترایزمە. هەروەها رۆژی لەدایکبوونی عیسا (کریسمس) کە لەئێران بە "یەلدا" بەنێوبانگە و وشەکە ئارامییە و مانای لەدایکبوونە، ئەمەش رۆژی لەدایکبوونی میترا بووە کە **١٢/٢٥** بووە و، کراوە بەرۆژی لەدایکبوونی عیسا. رەنگکردنی هێلکەش کە لەجەژنی قیامەتی دیانەکاندا دەکرێ، ئەمەش هەر پاشماوەی میترایزمە، کە لەهێندێ شوێنی کوردستاندا تائەمڕۆش هەرباوە.

ئاینی میترا، ئێستاش لەئەورووپا شوێنەواری ماوە، پەرستگەیەکی میترا لەکەناری رۆباری دانۆب هەیە و، پەیکەرێکی میترا، کە لەساڵی **١٩٥٤** دا لەلەندەن لەژێرخاکدا دۆزرایەوە، لەمۆزەخانەی لەندەن پارێزراوە. گرنگترین بابەتێ کە میترایزم هێنایە پێشەوە، بیرۆکەی جووتەوانە (دوالیزم) بوو، واتە: رۆناهی بەرامبەر تاریکی. چۆنکە تایبەتکاری هەموو شتێک، لەچاو تایبەتکاری پێچەوانەکەیدا پێناسە دەکرێ. بۆوێنە:

بۆیە باش هەیە؛ چۆنکە خراپ هەیە. لەمەدا ڕۆناهی هێزی باشەیە و، تاریکی هێزی خراپەیە.

پاش سەردەمی میترایزم (پەرستنی خوای خۆر) ئاینی زرڤانێتی (زرڤانیزم) لەکوردستاندا پەیدابوو. زرڤان، مانای زەمانی بێسنورە. واتە؛ زەمانێک کە نەسەرەتای هەیە و نەکۆتا. وشەی "زەمان" کە چووەتە عەرەبی و ترکی و فارسییەوە، لە"زرڤان"ی ئاڤێستاییەوە وەرگیراوە و لەپەهلەویدا بووە بە زۆرڤان و زەرڤەن. وشەی بێسنوور لەئاڤێستادا ekerne ئەکەرنە یە "ئە" مانای "نە"، کەرنە، واتا: کەنار، ekerne = بێ کەنار، وشەی "کەنار" و "کەرخ" لەمەوە هاتووە. بەپێی مێتولۆژیای ئەم ئاینە، هەر زرڤان خۆی، دوو هێزی دژ بەیەکی لێبووە، کە ئەم دووانە: ئۆرمەزد و ئەهریمەن، دژ بەیەکن. هێزی هەردووکیشیان هەروەک یەکە و، هەر ئەمەشە کە لەنگەری جیهانی ڕاگرتووە. ئۆرمەزد پاگژ و بۆنخۆشە و، ئەهریمەن گەمار و بۆگەنە. بەڵام ئەهریمەن لەلایەن زرڤان خۆیەوە ڕێدراوە پێی کە نۆهەزار ساڵ، شانبەشانی ئۆرمەزد، فەرمانڕەوابێ. پاش ئەم نۆهەزار ساڵە؛ تەنێ ئۆرمەزد فەرمانڕەوا دەبێ، بەڵام لەم ماوەیەدا، هەردووکیان وەچەی خۆیان دەخەنەوە. ئەم بیرۆکەیە لەئاینی موسایی و عیسایی و ئیسلامدا هەیە، لەڕامانی دروستبونی ئادەم و شەیتاندا، کە هەردووکیان، شانبەشانی یەک، دەسەڵاتیان دەبێ، بەڵام شەیتان تەنێ تا ڕۆژی قیامەت دەتوانێ خراپە بکات و، ئەودەمە دەسەڵاتی نامێنێ، وەک لەقورئاندا هاتووە "إِلَى يَومِ الْوَقْــتِ الْمَعْلُــومِ " واتە؛ "تارۆژی کاتێکی زانراو". سورەتی: الحجر، ئایەتی **٣٨**. بەپێی هێندەک چیرۆک، ساسانییەکان لەسەر ئاینی "زەردەشتێتیی زرڤانی" بوون و زرڤانیان بە"خودێی مەزن"، ئافەریدکاری ئاهۆرامەزدا و ئەهریمەن داناوە.

پاش ئەم سەردەمە، سەردەمی زەردەشتێتی (مەزدایزم) دەستپێدەکات. زەردەشت لەسەتەی حەوتەمی پ.ز. دا (وەک دەڵێن لە **٦٦٠** ی پ.ز.دا لەدایکبووە) و، گەلێک لێکۆڵینەوە بۆ ئەوە دەچن کە لەدەوروبەری زەریاچەی ورمێ (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لەدایکبوویێ. زەردەشت فەیلەسوفێکی جیهانی بوو. سەرکردەی بزووتنەوەی کرێکاری و یەکسانیخوازی ئەڵمان؛ فەردیناند لاسال **Ferdinand Lassalle** ( **١٨٦٤ — ١٨٢٥**)

زەردەشتی بەپێشڕەوی فەیلەسووفی ئەڵمانی هێگل **Hegel** لەقەڵەم داوە. هۆزانڤان و فەیلەسووف و رامیاری ئیتالیایی، دانتە **(١٢٦٥ – ١٣٢١)** خاوەنی "کۆمیدیای ئێزدانی" دەبێژێ: "قسەکانی زەردەشت بەردن، بەڵام کردەوەکەی باڵەخانەیە". فەیلەسووفی کورد، شەهابەدین سوهرەوەردی (سۆرەبەردی)، ماتماتیکەوان و فەیلەسووفی یۆنانی پیساگۆریس (فیساگۆرس) ی بەشاگردی زەردەشت داناوە. زەردەشت لەسەر بنچینەی جووتەوانەی میترایەتی (واتە: رۆناهی بەرامبەر تاریکی) بیرۆکەی هێزی باشە و هێزی خراپەی هێنایە پێشەوە. هێزی باشەی بە ئاهورامەزدا (واتە: سەروەری زانا) و هێزی خراپەی بە ئەهریمەن (هۆشی چەپەڵ) نێوبرد. بەپێچەوانەی زرڤانیزمەوە، کە پێی وابوو ئۆرمەزد و ئەهریمەن، هەردووکیان لەیەک سەرچاوە، کە زرڤانە، هێنراونەتە بوون، زەردەشت پێیوابوو، ئاهورامەزدا (کە هێزی چاکەیە) ئەهریمەنی (کە هێزی خراپەیە) دروست نەکردووە. ئەم دووهێزە لەبنەڕەتەوە سەربەخۆ لەیەکدی هەبوون. ئەوجا بۆئەوەی هێزی چاکە (ئاهورامەزدا) بەسەر هێزی خراپە (ئەهریمەن) دا سەربکەوێ، پێویستە مرۆڤی باش لایەنگریی ئاهورامەزدا بکەن لەدژی ئەهریمەن. خۆئەگەر ئەوە نەکەن و لایەنی ئەهریمەن بگرن، ئەوا ئاهورامەزدا دەشکێ. دیارە ئەم جووتەوانەیەی زەردەشتێتییە، پێچەوانەی جووتەوانەی رامانە سامییەکانە. وەک گوترا؛ لەرامانی زەردەشتیدا، ئاهورامەزدا ئەهریمەنی نەهێناوەتە بوون، بەڵکو هەردووکیان، جیالەیەک، هەبوون و، زاڵبونی یەکەم بەسەر دووهەمدا مسۆگەرنیە، بەڵکو بەستراوە بەو مەرجەوە کەباسکرا، بەڵام لەئاینە سامییەکاندا، وەک ئاینی مووسایی و عیسایی و ئیسلام، خودێ (ئێلوهیم بە عیبری و، ئەڵڵا بە عەرەبی) خۆی شەیتانی هێناوەتە بوون و، رێیداوەپێی _ وەک لەمەوبەر گوتم _ تاکۆتایی جیهان خراپەکاری بکات و هەتائەو کاتەش هەر لەژێر فەرمانی خۆیدایە و لەئەنجامیشدا هەرخۆدێ زاڵدەبێ بەسەریدا. خۆ ئەگەر کەسێکیش باشبێ، و لاوازنەبێ، شەیتان ناتوانێ لەخشتەیبەرێ، وەک لەقورئاندا هاتووە: **"إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلاَّ مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ"** تۆ دەسەڵاتت نیە بەسەر بەندەکانی مندا، مەگەر بەسەر ئەو رێونکردووانەدا کە دوات دەکەون" (سورەتی الحجر ئایەتی**٤٢)**. زەردەشت بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانن یارمەتی ئاهورامەزدا بدەن، رەوشتێکی سێکوچکەیی

خستووەتـەڕوو، کەئـەوەش هاوئاهـەنگیی بیر و وتـە و کرداره (واتـە: مێشک و زمـان و لەش) لەگەڵ یەک، واتە: بەکارهێنانی ئەم سیانە پێکەوە و بەشێوەیەکی لەگەڵیەک گونجاو. کەدیارە ئەم رامانە سێکوچکەیە کەوتووەتە ئاینی دیانییەوە، کە خودێ و حەزرەتی عیسا و رەوانی پیرۆز (الرح القدوس) بەیەکەیەک دادەنرێ. بەڵام لەئاینی ئیسلامدا، خودێ تاکوتەنێیە و بێ هەڤاڵبەند (شریک)ە، کەوشەی "شرك" و "مشرك" ی عەرەبی، لەم "شەریک" ەوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها بەپێچەوانەی ئاینی دیانییەوە، کە عیسا بەکوڕی خودێ دادەنێ، ئاینی ئیسلام بەکوڕی مریەم و بە پەیامبەر دایدەنێ، نەک کوڕی خودێ، چۆنکە خودێ **"لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ "** ە "نە لەدایکبووە و نە منداڵیشی لێدەبێ" (سورەتی "الاخلاص" ئایەتی **٣**) هەرچەندە زەردەشت بنچینەی ئاینەکەی لەسەر بیرۆکەی بەربەرەکانی خوای کۆنی کورد، واتە "دێو" دامەزراند و، دێوی بەبیرۆکەی درۆ و دەلەسە و گەماری و هێزی خراپە دایەقەڵم و، بنەمای هەموو جۆرە خراپییەکی لەدرۆدا دەدۆزییەوە. تەنانەت وشەی دێوی لەگەڵ درنج بەکاردەهێنا، وەک لەزمانی کوردیی ئەوڕۆدا هەیە، کە دێوودرنج پێکەوە بەکاردەبرێن. وشەی درنج لەئاڤێستاییدا دروج **Diruc** ە، کە لەزمانی کوردیدا درۆ/ درویێیە. لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانێ بەسەر دێو "هێزی درۆ" دا زاڵبێ و، وەک لەمەوبەر باسمکرد، هێندەک تایبەتکاری باشە و خێرخوازیی دێووخێو، لەئەفسانە کوردیەکاندا دیارن، بەڵام زەردەشت، میترای وەک ئیزەد (فریشتە)ێکی بەهێز و جەنگاوەر نیشاندا کە یارمەتی ئاهورامەزدا دەدات بۆ زاڵبوون بەسەر ئەهریمەندا. لەگەڵ ئەمەشدا، زەردەشت قوربانیکردنی گای رێبەند (ممنوع) کرد و، خەڵکی هاندا کە خۆشی لەژیان ببینن، ژنمێری بکەن و نیشتەجێببن و خەریکی کشتوکاڵ و چاندنی گوڵ و رواندنی درەخت و بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەل ببن و شایی بکەن و گۆرانی و ستران بچڕنن. ئەوەتە؛ ئێستە دەبینین، مۆزیک بووە بەبەشێکی نەپچڕاو لەکولتووری کورد بەگشتی و، ئاینە کوردییەکان بەتایبەتی و، هیچ جەمخانەیەکی یارسانی و ئالەوی و بۆنەیەکی ئێزیدی و زکرێکی دەروێشان، بێ مۆزیک نەبووەو نابێ. ئەوەتا وشەیەکی دیکەی کوردی بۆ ستران، " گۆرانی " یە. کە دوورنیە ئەم وشەیە پێوەندی بە "گۆران" ەوە هەبێ و "گۆران " یش لە "گەبران"

(گەوران) ی زەردەشتییەوە هاتبێ. ئەوەتە شا برایمی ئێوەت، کە ("ئەیوەت" بەمانای "مامۆستا"دێ) یەکێکە لەچاکەکانی یارسان و بە"کاکە" بەنێوبانگە، لەساڵی ٧٥٢ی کۆچی، لەگوندی شێخانی هەورامان لەدایکبووە و، یاری سوڵتان سەهاک بووە و، یەکێکە لە"هەفتتەن" گۆڕەکەی لەگەڕەکی "شێخ هۆمەر"ە لەبەغدا، لەهەڵبەستێکدا دەبێژێ کە پیربنامێن، سەرۆکی یارانی یارسان، خۆی زەردەشت بووە و، ئاڤێستای بەدەستەوە بووە. ئاڤێستاش پاک و بێگەردە.

**زولال ئاوێستا، زولال ئاوێستا**
**ئەسڵی دەفتەرەن، زوڵاڵ ئاوێستا**
**بنیام زەردەشتەن، دەفتەر وەدەستا**
**زاتش جە بادەی شاهەنشا مەستا**

کە مەبەست لەوشەی "شاهەنشا" خودێیە.

شایانی باسە "پردی سیرات" کە لەئاڤێستادا چینڤات **Chinvat** ە و، سەفیری خودێ، واتە: فریشتە جبرائیل (کە جبرائیل وشەیەکی عیبریە و مانای شاندەیە)، هەروەها بەهەشت و دۆزەخ و رۆژی پەسلان (قیامەت) کە لەئاینەکانی جوو و دیان و ئیسلامدا هەن، لەوەپێش، لەئاینی زەردەشتیدا هەبوون. لەمەش پتر، بیرۆکەی "مەسیحی رزگارکەر" و "ئیمامی زەمان" و "خواجای خزر" (خدری زیندوو) لەشێوەی (سائۆشیانت) دا لەئاینی زەردەشتیدا هەبوو.

ماوەیەکی بەرێژە کورت، پاش نەمانی زەردەشت، ئاینی بوودایزم پەیدابوو و روویکردە کوردستان. بوودا **Buddha** وشەیەکی سانسکریتییە و مانای "رۆشنبوو"، "رۆناکبوو" دەگەیەنێ. نێوی راستینەی بوودا **Gautama Siddhartha** بوو، لەخێزانێکی میرزادەی دەوڵەمەند لەساڵی ٥٦٠ پ.ز.دا هاتە جیهانەوە. بوودا ٨٠ساڵ ژیاو لەتەمەنی ٢٩ ساڵیدا وازی لەدەسەڵات و فەرمانرەوایەتی هێنا و، نیشتمانی خۆی بەجێهێشت و، دەستی لەجیهانپەرستی و خۆشیی ژیان بەردا و، گەڕا بەدوای خۆرزگارکردندا لەقورسایی جیهان و ژیان. دوایی کەوتە سەربیری بیرکردنەوەی قووڵ **Meditation**. لەئەنجامدا و، لەشەوێکدا کە بە "شەوی پیرۆز" نێو دەبرێ، گەیشتە بۆدی **Bodhi** کە مانای "رۆناکی" یە و، بەوە بوو بە بوودا **Buddha** واتە "رۆناکبوو"،

کە ئەمەش ڕێسایەکی میترایزمە. بەپێی باوەڕی بوودایییەکان، بۆ ڕزگاربونی مرۆڤ لەئازار و ئێشی ژیان و ئەم جیهانە، پێویستە مرۆڤ خۆی لەپیسیی ئەم جیهانە پاکژبکاتەوە. لەمەدا، بوودا پەنای بردووەتەوە بەر سێکۆچکەکەی زەردەشت، واتە: بیریچاک و وتەیچاک و کرداریچاک. بەڵام بەپێچەوانەی زەردەشتەوە، کە ئامۆژگاریی خەڵکی کردووە، خۆشیی لەژیان ببینن، بوودا داوای لەخەڵک کردووە کە خۆیان لەخۆشیی ئەم ژیانە دووربخەنەوە. هەروەها بەپێچەوانەی زەردەشتەوە، کە باوەڕی بەبوونی خوا هەبوو، بوودا باوەڕی بەبوونی خوا نەبوو. بوودایییەکانیش، بوودا بەمرۆڤێکی ڕۆناکبوو و ڕزگاربوو دەزانن، نەک بەخوا. بەقسەی بوودا، مرۆڤ خۆی دەتوانێ خۆی ڕزگاربکات، لەڕێی بەکارنەهێنانی زۆر و پاراستنی ئاشتی و درۆنەکردن و بێ‌فیزی و دزینەکردن و سەرخۆش نەبوون و سێکسنەکردن لەدەرەوەی ژیانی ژنمێری. ئێستە **٣٥٠** ملوێن کەس هەن لەنیپاڵ و هیندستان و تبت و ڤێتنام لەسەرئاینی بوودان. یەکێک لەڕێبازەکانی ئەم ئاینە لامانیزمە، کە دەلای لاما، واتە: "بوودای زیندوو" بەرزترین دەسەڵاتیانە. شایانی باسە، کە دەروێشێتی لەکوردستاندا، لەسەر بنچینەی وازهێنان لەماڵی دنیا و خۆشیی ژیان و دوونەکەوتنی هەواوهەوەس، لەژێر کارکردی ئاینی بوودایییدایە. هەروەها چیرۆکی "زەمبیل فرۆش" کە فەرمانداریکی زۆر بەدەسەڵات و دەوڵەمەند، واز لەدەسەڵات و سامانی خۆی دەهێنێ، ڕامانی بوودایزم دێنێتەوە بەرچاومان. هەر بەپێی میتۆلۆژیای ئەم ئاینە، بوودا، لەکچێک لەدایکبووە، بێ ئەوەی ئەو کچە لەگەڵ هیچ پیاوێک نوستبێ، بوودای بووە، کە ئەمەش، وەک لەدایکبوونی خاوەنکار و شاخۆشێن و سولتان سەهاکە، لای یارسانییەکان و، لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا لەمریەم، لای دیانەکان.

پاش سەردەمی بوودایی، سەردەمی مانی دەستپێدەکات. مانی، لەکوردستان (لەنێزیک کووت) لە **٢١٥** ز. دا لەدایکبووە. کوڕی فاتک بووە. فەلسەفە و زانستی سەردەمی خۆی لەکوردستانی ئەو ڕۆژەدا خوێندووە و شارەزای ئاینی زەردەشتی بووە و، لەسەرەتاوە سەر بەئاینی دیانی بووە. ماوەیەک خۆی ونکردووە و، ئەوجا لەتەمەنی **٢٤**ساڵیدا، خۆی پێشانداوەتەوە و، بانگەشەی پەیامبەریەتی کردووە و، ئاینەکەی خۆی لەنێو خەڵکی کوردستان و میزۆپۆتامیادا بەنهێنی بڵاو کردووەتەوە. پاش ماوەیەک، بووە بەناسیاوی شاپووری یەکەمی ساسانی و، ئەوجا توانیویەتی بەسەربەستی و ئاشکرا

ئاینەکەی بەخەڵک بگەیەنێ، هەتا شاپوور لەژێر هەڕەشەی مووخەکانی زەردەشتیدا، ناچاربووە دوژمنایەتیی بکات و ئەویش وڵاتی بەجێهێشتووە و رووی لەهندستان و تبت و چین کردووە و پاش مردنی شاپوور لەساڵی **٢٧٢** دا گەڕاوەتەوە وڵاتی خۆی و، ئاینەکەی لەنێو دیانەکانی کوردستاندا بڵاوکردووەتەوە، لێ، لەسەردەمی شابارامی یەکەمدا گیراو، لە **٢٧٦** دا بەشێوەیەکی دڕندانە کوژرا. بەڵام نەمانی مانی نەبوو بەهۆی نەمانی ئاینەکەی، بەڵکو بەهێزتربوو تاکو گەیشتە خوارووی فەڕەنساش. تەنانەت یەکێکی وەک **Saint Augustine**، بەرلەوەی رووبکاتە دیانێتی، لەسەرکێشی مانی بوو. هاوزەمان، گەلێک لەکەسایەتییە دیانەکان وەک؛ **Simon de Monfort**، هەروەها کەسایەتییە موسڵمانەکان، لەسەردەمی زووی ئیسلامەتیدا، دژایەتیەکی سەختیان کرد بەرامبەر لایەنگرانی مانی. ژمارەیەکی زۆر پەرتۆک بە عەرەبی و فارسی هەن، دژ بەئاینی مانی و کەسایەتی مانی کە هێندێکیان یەکجار نابابەتانەن. مانی، پەرتۆکەکانی خۆی بە زمانی پەهلەوی بڵاودەکردەوە، کە ئەرتەنگ (یان؛ ئەرژەنگ) یەکێکە لەو پەرتۆکانە. ئاینی مانی لەسەر بنچینەی میترایزم و مەزدایزم دامەزراوە، بەڵام هێندەک رەگەزی بوودایی و دیانیشی گرتووەتە خۆی. مانی دەیگوت: رەوانی مرۆڤ بەشێکە لەرەوانی خودێ، کەئەمەش بەشێکە لەباوەری یارسانییەکان و ئالەوییەکان و ئێزیدییەکان ، بەڵام مانی دەیگوت: تێکەڵبوونی رەوان لەگەڵ لەش، کە لەش ماک (مادە)یە، بووە بەهۆی پیسبونی رەوان. بۆ پاککردنەوەی رەوان، دەبێ مرۆڤ بمرێ، هەتا رەوانە پاکەکەی لە لەشە پیسەکەی جیا دەبێتەوە و، بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤی جیهان پاکبنەوە، دەبێ هەموو بمرن و، لەبەر ئەمە نابێ زاووزێبکەن و وەچە دروستبکەن. خۆشەویستی لەنێوان نێرومێدا ببێ، بەڵام نەک بۆ منداڵبون، ئەوەش دەبێ درێژە بکێشێ، تارۆژێک دێ کەس لەسەرزەوی نامێنێ و هەموو پاک دەبنەوە. شایەنی باسە، ژنمێریکردن، بەڵام رێگرتن لەمنداڵبوون، بەشێکە لەرێسای بەشێک لەهەقەکان کە بە"تاقمی شێتەکان" بەنێوبانگن.

بەپێی ئاینی مانی، دەبێ مرۆڤ خۆی لەتاریکایی دوور بخاتەوە کەشوێنی پیسیە و، دەبێ رۆناهی بپارێزێ. هەروەها نابێ هیچ ئاژەڵ و مەلێک سەرببڕدرێ ، چۆنکە ئازاریان پێدەگات. گۆشت نابێ بخورێ. مرۆڤ نابێ پارەکۆبکاتەوە. مانی هەروەک زەردەشت ، دەیگوت دوو خودێ هەن. خودێی رۆناهی هەیە کەپێنج یاری هەن بۆ

پێوەندیی لەگەڵ خەڵک و، خودێی تاریکیش پێنج یاری هەن، ئەوانیش هەر بۆ پێوەندیی لەگەڵ خەڵک. کە ئەمەش هەر بیرۆکەی حەوت ئیزەد (فریشتە) کەی زەردەشتە، کەبە ئەمشاسپەندان نێوی بردوون و، بەشێوەی حەوت یاران (هەفتتەن) کەوتووەتە رامانی یارسانییەکان و بەشێوەی شێخەکان کەوتووەتە ئاینی ئێزیدییەکان و بەشێوەی پیرەکان کەوتووەتە رامانی ئالەوییەکانەوە.

لەبارەی عیسا، پەیامبەری دیانەکانەوە، کەزۆر ناکۆکی هەیە لەسەر ئەوەی ئایە چوارمێخەی کوتراوە، وەک دیانەکان دەبێژن، یان نەکوتراوە. مانی دەیگوت: "عیسا لەش نەبووە، رەوان بووە و، چوارمێخەی نەکوتراوە، بەڵکو کەسێکی دیکە لەجیاتی وی لەچوارمێخەدراوە". دەبێ ئەمەش بهێنینەوە بیرمان کە مانی لەپێش پەیدابوونی ئیسلامدا ژیاوە، کێشەی عیسا لەم رووەوە، لەئاینی یارسانیدا چیرۆکێکی تایبەتی هەیە، کەدەچێتەوە سەر ئاینی مانی، بەڵام بەشیوەیەکی دی. بەپێی پەرتۆکی "شاهنامەی حەقیقەت" کەیەکێکە لەسەرچاوە گرینگەکانی ئاینی یارسانی ( ل: **١٧٠-١٧٢** ، بەیتی **٣٢٤١** و **٣٢٧٢ -٣٢٩١** و **٣٢٩٧ -٣٢٩٩** ) عیسا دیاردەی فریشتەی مەزنی یارسانی پیر بنامێنە، کە توانیویەتی مردووی گۆرستانەکان زیندووبکاتەوە. عیسا، خزمەتکارێکی سپڵەی هەبووە، نێوی پێهۆس بووە، پێهۆس، لەگەڵ چەندکەسێکی دیکەی دوژمن بەعیسا، رێکەوتووە کە پێکەوە عیسا بکوژن. لەوکاتەدا کە دایاننابوو بچن عیسا بکوژن، ئەو خزمەتکارە، ماوەیەک پێش هاودەستەکانی دەچێتەلای عیسا. خوا هەستی بەمەترسیەکە کردووە و چەند فریشتەیەکی ناردووە و عیسایان بردووە بۆ ئاسمان. هەر بە ویستەی خوا، پێهۆس شێوەی عیسای بەخۆوە گرتووە، کە هاودەستەکانی هاتوون، پێیان وابووە کەئەوە عیسایە و، دەستبەجێ چوارمێخیان کێشاوە. پاش چوارمێخەکێشان، کابراکە شێوەی راستینەی خۆی وەرگرتووەتەوە و، ئەوجا زانراوە کە ئەوە عیسا نەبووە، بەڵکو هاودەستەکەی خۆیان بووە. پاش چەند رۆژێک، عیسا گەڕاوەتەوە سەرزەوی وەک خۆر و، یارانی خۆی کۆکردووەتەوە و، دەستووری راستی تێگەیاندوون. پاش چەند مانگێک، گەڕاوەتەوە بۆ ئاسمان و، هەموو جیهان بوون بە دیان. بەڵام دوای ئەوە پیربنیامین جارێکیدی لەسەرزەوی دەرکەوتووەتەوە.

ئالەویەکانیش باوەریان وایە کە عیسا، دیاردەیەکی تیشکدانەوەی ئێزدانییە. ئێزیدییەکان، باوەریان بەوە نییە کە عیسا چوارمێخەی کێشرابێ، بەڵکو تاوسێمەلەک رزگاری کردووە. سەرنجی لاپەڕە **١٤٢** ی پەڕتۆکی؛

**-:Empson, R.H.W. `` The Cult of the Peacock angel ``)**

**London 1928**) بدە. تاوسێمەلەک، هەواڵی رزگارکردنی عیسای بە مریەم گەیاندووە و، لەبەرچاوی مریەم، کەڵەشێرێکی مردووی زیندوو کردووەتەوە (هەرئەوەی) ئێزیدییەکان، عیسا بە "کوڕی تیشکی ئێزدانی" نێودەبەن. سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن:

**(Roger Lescot : Enquête Sur les yezidis de Syrie et des Djebel Sindjar, Beirut 1938, p. 46)**

ئێزدییەکان زۆر رێزی عیسا دەگرن و مەی دەخۆنەوە کە باوەڕیان وایە مەی "خوینی حەزرەتی عیسا" یە.

ئاینی ئیسلام باوەری بەچوارمێخە کوتانی عیسا نیە، وەک لەقورئاندا هاتووە: **"وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَـكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتِّبَاعَ الظَّنِّ ۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِيناً. بَل رَّفَعَهُ اللّهُ إِلَيْهِ ۚ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزاً حَكِيماً "** (ئەوەی کە دەڵێن ؛ ئێمە، مەسیح، عیسای کوڕی مریەم، پەیامبەری خوامان کوشتووە، نە کوشتوویانە و نە لەداریانداوە. راستییەکەی ئەوەیە لێیانتێکچووە و، ئەوانەی لەم رووە ناکۆک بوون، گومانیان هەیە لێی و، ئاگایان لێی نییە و، هەر دوای گومان کەوتوون و دڵنیانین لەوەی کوشتوویانە. لێ خوا ئەوی بەرزکردووەتەوە بۆلای خۆی و خواش بەهێز و پیتۆرە). (سورەتی "نساء" ئایەتی **١٥٧-١٥٨**).

تائێستە، سەرنجێکمان گرتە پاشخانەی ئاینە کوردییەکان وزانیمان کە بنچینەی ئەم رامانانە وەک باوەڕی ئاینی، لەسەردەمی ئاینە ئارياییەکانەوە دەستپێدەکات و، ئەوجا میترایزم و مەزدایزم، واتە؛ لەوکاتەوە بنیاتنراوە کە هێشتا ئاینە سامییەکان؛ مووسایی و عیسایی و محەمەدی پەیدانەبوون و، یارسانییەکانیش لەوباوەڕەدان، کە ئاینەکەیان، وەک رامان، لەو رۆژەوە دەستپێدەکات کە ئادەم، واتە؛ پیربنامێن، بەنێوی "کاکە" وە

لەبنهەنگڵی خودێوە هاتووەتەدەرێ. بەڵام یارسان، وەک ئاینێکی سەربەخۆ، لەلایەن فەیلەسووفی کورد، بالوولی زاناوە بەنهێنی دامەزراوە. بالوولی زانا، لەخێزانێکی کورد، لەسەتەی دووی کۆچیدا، واتە؛ نێزیکەی ١٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر لەدایکبووە. مرۆڤێکی رۆشنبیر و زانا بووە، لەبەر ئەوە، نێوی نراوە "باڵووڵی زانا"، هێندەک جاریش "باڵووڵی ماهی" و "باڵووڵی مادی". باڵووڵ، لەلای ئیمامی شیعەکان، ئیمام جەعفەری سادق، خوێندوویەتی و، گەلێک قسەی راستی کردووە و، رەخنەی گرتووە، کە بەدڵی خەلیفەی عەرەب هاروونە رەشید نەبووە و، هاروون بڕیاریداوە کە بیکوژێ، ئەویش چووەتە لای ئیمام جەعفەر و، کێشەی خۆی لەگەڵ هاروونە رەشید گێڕاوەتەوە بۆی، ئیمام جەعفەر پێیگوتوە، بچۆ هێندەک قسەی هەڵەقومەڵەق و شێتانە بکە، ئەوسا، پێیوادەبێ کە شێتیت و، ئەوددەمە ناتکوژن. ئەویش وایکردووە و، لەکوشتن رزگاری بووە، لەساڵی **٢١٩** ی کۆچیدا، کۆچیدوایی کردووە و نێژراوە.

باڵووڵ بۆیەکەمین جار، دوانزە سەتە (واتە **١٢٠٠** ساڵ پێش ئەورۆ) نهێنیی یارسانی بە یارانی خۆی راگەیاندووە و، ئەم نهێنییە هەر لەسنگی ئەم و ئەودا، ماوەتەوە تاسەردەمی سوڵتان سەهاک **٦٧٥-٧٩٨** ی کۆچی و ئێدی بەشێوەی ئاینێکی سەربەخۆ رەگی خۆی داکوتاوە. بەتایبەتی، لەمیرنیشینی ئەردەلاندا زۆر گەشەی کردووە و، ژمارەیەکی زۆر هۆنەر و زانا لەنێو ژنان و پیاواندا پەیدا بوون، کە زادەی بیری خۆیان بەکوردی بلاوکرووەتەوە. باڵووڵ قسەکانی بەشێوەی هۆنراوە و بەکوردیی گۆرانی، بەیارانی خۆی راگەیاندووە کە لەپەرتۆکێکدا بەنێوی "دەورەی بالوول"ە وە تۆمارکراون. بە عەرەبیش هێندەک هۆنراوەی پیتۆرانەی هەیە. باڵووڵ، بەباوەڕی یارسانییەکان، دیاردەیەکی ئێزدانییە کە پاش وی، باوە سەرهەنگی دەودانی کە لەگوندێکی نێزیک چیای شاهۆ لە **٣٢٤** ی کۆچیدا لەدایکبووە، وەک خۆی لەهەڵبەستێکدا دەبێژێ، هەوڵیداوە ئاینی کورد بلاو بکاتەوە:

**سەرهەنگی دەودان، سەرهەنگی دەودان ئەز کە نامی من سەرهەنگی دەودان**
**چەنی ئێر مانان مەگێلم هەردان مەکۆشم پەرێ ئاینی کوردان**

ئەوجا باوە خۆشێن ( شا خۆشێن ) و، دوای ویش باوە ناووسی جاف کە لەگوندی

سەرگەت لە **٤٧٧** ی کۆچی لەدایکبووە و ئەوجا سولتان سەهاک، وەک دیاردەی ئێزدانی دەردەکەون و، لەسەردەمی سولتان سەهاکدا، نهێنی چووەتە قاڵبی ئاینێکی سەربەخۆوە.

ئاینی یارسانی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی هەیە لەپەرتۆکدا، کە بەشێکی باشی لەپەرتۆکێکدا بەنێوی "سەرەنجام" یان "کلامی خزانە" کۆکراونەتەوە، کە بریتییە لەفەرموودەکانی سولتان سەهاک و یارانی وی کە لەسەتەی هەشتی کۆچیدا ژیاون. ئەم پەرتۆکە پیرۆزە لەهەورامانیدا پارێزراوە و لەلایەن دوکتۆر سەدیق سەفی زادە بۆرەکەییەوە لەساڵی **١٣٧٦**ی هەتاویدا، لەژێرنێوی "دانشنامە نام أوران یارسان" و "نامە سرانجام / کلام خزانە" لەساڵی **١٣٧٥** دا لەتاران چاپکراون. سەرئەنجام شەش بەشە: بارگە بارگە، دەورەی هەفتوانە، گلیم و کول، دەورەی چلتەن، دەورەی ئابدین و وردە سەرەنجام. کە ئەمانە بابەتی فەلسەفە و عیرفان و رۆشنبیریی کوردی ئەو سەردەمەمان پێشاندەدەن. بارگە بارگە (بارگە مانای خێوەتە، کورد دەبێژن (بارگەوبنەیان دانا)) لەلایەن **٧٢** پیری یارسانییەوە، لەسەتەی هەشتەمی کۆچیدا نووسراوەتەوە. کەئەم سروودانە لەجەمخانەی یارسانییەکاندا دەخوێندرێنەوە. هەر بەپیرۆزیی ئەم **٧٢** پیرەوەیە کە پشتێنی یارسانییەکان **٧٢** تاڵ بووە.

یارسانییەکان لایەنگری فەلسەفەی تیشکهاویشتنن، کە فەیلەسووفی کورد شەهابەدینی سوورەبەردی (سهروردی) (**١١٥٣ – ١١٩١**) یەکێک بوو لەلایەنگرانی ئەم فەلسەفەیە و، هەر لەسەرئەوەش، بەفیتی مەلاعەرەبەکان و فەرمانی سەلاحەدینی ئەیوبی، لەتەمەنی **٣٨** سالیدا شەهیدکرا و پاشان نێونرا (الشیخ المقتول).

ئێستە پاش ئەوەی پاشخانە رامانییەکانی ئاینە کوردییەکانمان بەکورتی خستە بەرچاو، بابچینە سەر تایبەتکارەکانی ئەو ئاینانە، بەتایبەتی ئاینی یارسانی:

### ١- خودێ هێنەربوو (خالق)ە، نەک کاربەدەست و کارگێڕ:

تایبەتکارێکی گرنگی ئاینی یارسانی و ئاینە کوردییەکانی دیش ئەوەیە، خودێ (ئێزدان) بەهێنەرە بوو (خالق)ی مرۆڤ و گەردوون دەزانن، هەروەک ئاینە سامییەکان، بەڵام بەپێچەوانەی ئاینە سامییەکانەوە، کەباوەریان وایە؛ خودێ خۆی راستەوخۆ گەردوون دەبا بەرێوە، بێ هەڤاڵبەند (شەریک) و یارمەتیدەر، ئاینی یارسانی و ئاینە

کوردییەکانی دیکە، باوەڕیان وایە؛ خودێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری جیهان و خەڵک، چەند باوەڕپێکراوێکی خۆی دەستنیشانکردووە کەبە "یاران" دەناسرێن و، لەمەشەوە وشەی "یارسان" هاتووە، کە وشەی "یار" لەزمانی کوردیدا بەمانای دۆست و هاوکار و خۆشەویست و پشتگیریکەر دێ و، وشەی "سان" یش وشەیەکی زۆر کۆنی کوردییە بۆ خودێ و بووەی پیرۆز. سەرنجی وشەی سائێنە **Saêne** بدرێ لەئاڤێستادا، کەنێوی چاکێکە، هەروەها وشەی **Saint** لەزمانی لاتینیدا، کە ماناکەی پیرۆزە و، لەکوردیی هەورامیدا ماوە (سەرنجی وشەی جافرسان بدرێ)، لێرەدا دووشت دەردەکەون. یەکەم: نەتەکینی (مصونیە) ی خودێ لەدەستخستنە کاروباری خەڵکەوە و، دووهەم: ئازادیی مرۆڤ لەهەڵبژاردنی ڕێیراست، یان ڕێیناراست. واتە: چارەنووسی مرۆڤ، لەپێشەوە لەنێوچەوانی نانووسرێ، بەڵکو دەدرێتە دەست مرۆڤ خۆی. ئەمەش بوو بە بەشێک لەبیرۆکەی حسەینی مەنسووری هەلاج. (٨٥٨ ز.- ٩٢٢ ز.) و، ئەبو یەزیدی جونێدی بەستامی (البسطامی) خاوەنی تەریقەتی "تەیفووری" کە لە٨٧٧ ز.دا مرد.

ژمارەی ئەم یارانەی خودێ لای یارسانەکان حەوتە، کە بە "هەفتتەن" ناسراون و، یەکێکیان سەرکردەیانە و نێوی "پیر" ە، کە وشەی پیر، کورتەی وشەی پیرۆز، واتە (مقدس)ە و، مەزنترین بووەی پاش خودێیە. یەکێک لەم "هەفتتەن" ە مێینەیە و نێوی "دایە ڕێزوارە" واتە: دایکی خاوەن ڕێز. کەئەم نێوەش لەنێو یارسانییەکانی باشووری کوردستان (بەتایبەتی کەرکووک) بەکاردەبرێ و، هێندەک نەزان، کردوویانە بە"رضبار" و "ڕەزبار". دەستەیەکی مۆزیکژەنیش هەن، ئەم نێوەیان لەخۆیان ناوە، بێئەوەی لەماناکەی بگەن. ئەم "هەفتتەن"ەش، هەر وێنەیەکی ئەمشاسپەندان (حەوت ئێزەد-فریشتە-پیرۆزەکە)ی زەردەشتییە، کەبریتین لەحەوت فریشتە و هەریەکێکیان بەرپرسیاری بەڕێوەبردنی کاروبارێکن و، سپەنتامینۆ (هۆشیپیرۆز) سەرکردەیانە. ئەمانە بریتین لە: پیربنامین (پیرخدری شاهۆ)، دایە ڕێزوار، پیرمووسێ، مستەفا داوودان، شابرایمی ئێوەت (یارزەردەبەن)، باوەیادگار (بووزە سوار)، ئەم یارانە لەئایینی ئێزیدیشدا هەن، کەئەو ئاینە "یار" بە "شێخ" دەداتە ناسین و، شێخ شەمس (شێخ خۆر / شێخ ڕۆژ) سەرۆکی شێخەکانە. وشەی شێخ، بەبیرورای من، کە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر باسم کردووە، پێوەندیی

بەشێخی عەرەبییەوە نیە، کە بەمانی بەسالْداچوو، یان بۆ مەلا بەکاردەبرێ، بەڵکو پێوەندیی بەوشەی کۆنی کوردیی-ئێرانی خشایەثیاوە هەیە. کەبەمانای خودێ، مەزن، گەورە، بەکارهاتووە.

## ٢- خودێ وەک سەرچاوەی ڕەوان و، ڕامانی گەڕانی ڕەوان :

بەپێی باوەری یارسانییەکان و ئاینە کوردییەکانی دیی، ڕەوانی زیندەوەر، سەرچاوەکەی هەناسەی خوایە، کە ئەمەش ڕامانێکی زەردەشتییە. لەگاتاکاندا هاتووە. "کاتێک تۆ (ئەی ئێزدان) لەسەرەتای پەیدابوونی جیهاندا، ڕەوانی ئێمەت هێنایە بوون و لەمەنیی خۆتەوە هۆشت بەخشی بە ئێمە، ئەوکاتەی ڕەوانت بەفوو کردە لەشی ئێمەوە، ئەوکاتە پەیامی ئێزدانی و کرداری چاکت بەئێمە نواند، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک ئازادانە ئاین وەربگرێ"

هەر لەم بنچینە میتۆلۆژیاییشەوەیە کە یارسانییەکان و ئاینە کوردییەکان، باوەڕیان بەمردن نییە، چۆنکە ڕەوان فووی خودێیە، دیارە مردنی بۆ نییە، بەڵکو مردن بریتیە لەگەڕانی ڕەوان لە لەشێکەوە بۆ لەشێکی دی و، بەمەش دەگوترێ "جلک‌گۆڕین" کە یارسانییەکان و ئالەوییەکان "دۆنادۆنا" و ئێزیدییەکان "کراس گهۆرین"ی پێدەبێژن. پاش ئەوەی ڕەوان هەزاران جار گەڕا، ئەوجا لەئەنجامدا دەگەڕێتەوە نێو ڕەوانی ئێزدان. واتە: ڕەوان، وەک وزە **(energy)** وایە، نەدروستدەکرێ و نەلەنێودەچێ، بەڵکو لەشێوەێکەوە دەچێتە شێوەیەکی دی. کەئەمەش دەستوورێکی فیزیکیە. چۆنکە مەنی (مادە) بەپێی فیزیک، نەچێدەکرێ و نەلەنێو دەبرێ، بەڵام لەبارێکەوە دەچێتە بارەکی دی. وزەش شێوەیەکە لەشێوەکانی مەنی. یارسانییەکان دەبێژن؛ ژیان و مردن وەک ئەوە وایە کە مراوییەک لەنێو ئاوێکدابێ، لەلایەکەوە سەری دەکات بەژێر ئاوەکەدا و، لەلایەکی دیکەوە سەری دێنێتە دەرەوە. واتە ئاوەکە قووتی دەدات. ئەمەشیان بەهەڵبەست ڕێکخستووە؛

**مەردان مەترسن وەی سیاسەتە**
**مردنی مەردان جۆر قووتەی بەتە.**

(سەرنج: وشەی "بەت" (مراوی)، کە لەعەرەبیدا بووە بە (بط)، وشەیەکی کۆنی

هیندۆئەوروپاییە. بەکوردی بە"رەحەتی" دەبێژن "بەتو" واتە: شلاییقووتدەر).

ئاینی ئیسلام، باوەڕی بەگەڕانی رەوان، کە بەعەرەبی "تناسخ الارواح" ی پێدەڵێن نییە. پاش مردنی مرۆڤ، "رەوان" چیبەسەردێ دیارنییە. موسڵمانە کۆنەکان، کاتیخۆی پرسیاری "رەوان" یان لەپەیامبەری خۆیان، محەمەد کردووە، قورئان وەرامی ئەمەی داوەتەوە و دەبێژێ "لەبارەی رەوانەوە پرسیارت لێدەکەن، بێژە، ئەوە ئیشی خوای منە، ئەوەی ئێوەش لەبارەی زانستەوە پێتانگەیشتووە کەمە" **(وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ ۖ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّن الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً).** سورەتی الاسراء، ئایەتی **٨٥**". لەگەڵ ئەوەشدا و بەبۆنەی لەدایکبوونی عیساوە لەمریەم، کە بەپێی ئێزدانناسیی ئیسلام و دیان، مریەم هەر بەکچی و بێنوستن لەگەڵ پیاوێک، عیسای بووە، لەقورئاندا و لەسورەتی مریەمدا، ئایەتی **١٥-١٦** هاتووە کەخودێ رەوانی خۆی ناردووە بۆ مریەم. **"وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَاناً شَرْقِيّاً. فَاتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَاباً فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَراً سَوِيّاً. قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَن مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيّاً. قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَاماً زَكِيّاً. قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيّاً. قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ ۖ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا ۚ وَكَانَ أَمْراً مَّقْضِيّاً. فَحَمَلَتْهُ فَانتَبَذَتْ بِهِ مَكَاناً قَصِيّاً...ألخ.** (مریەمت، لەپەرتۆکەکەدا بیتەوەبیر، کاتێک خۆی لەبنەماڵەکەی دوورخستەوە و، خۆیشاردەوە لێیان. ئەوەدەمە، ئێمە رەوانی خۆمان نارد بۆی، کە (رەوانی ئێمە) لەشێوەی مرۆڤێکی (نێرینە)ی تەواودا هاتە بەرچاوی... هتد).

## ٣- ژیانی سەڵت و رەبەنایەتی:

لەئاینی کاتۆلیکە دیانەکاندا، قەشەکانیان (پیاو و ژنیان) نابێ ژنمێری بکەن و، دەبێ بە درێژایی ژیانیان بە رەبەنایەتی بمێننەوە. ئەم رەوشە لەوەوە هاتووە، کە ژنمێری لەم رامانەدا، تەنێ بەهۆیەک دادەنرێ بۆ وەچەخستنەوە، نەک بۆ خۆشی و رابواردن و سێکس. بۆئەوەی ئەم قەشانە منداڵیان نەبێ و، بیر لەمنداڵ و ماڵ نەکەنەوە و، هەر بیر لەخودێ بکەنەوە، رێی منداڵبوون و ماڵدروستکردن دەگیرێ لێیان. دیارە پاش چاکسازیی ئاینی دیانی لەلایەن (مارتین لۆتەر)ەوە و دروستبوونی ئاینزای پرۆتستانت، ئەو رەوشە

لای ئیڤانگیلەکان نەماوە، بەڵام لای کاتۆلیکەکان هەرماوە. ئیسلام زۆر دژی رەبەنایەتییە. قورئان، رەبەنایەتی لای دیانەکان بە بدعە (داهێنان) دادەنێ. ئایەتی (**٢٧**) لەسوورەتی "الحديد" (ئاسن)دا بەم جۆرەیە: "**ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِم بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الْإِنجِيلَ وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا ۖ فَآتَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ**" (ئەوجا، بەدوای واندا، پەیامبەرەکانمان نارد و، عیسای کوڕی مریەممان بە دوواهێنا و، ئینجیلمان داپێ و، بەزەیی و درووودمان خستە دڵی ئەوانەوە کە دوای کەوتن و، ئەوان رەبەنایەتییان داهێنا، کە ئێمە ئەوەمان نەخستبووە ملیان، ئەوەنەبێ کەبۆ رازیکردنی دڵی خوا بێ، بەڵام ئەوان چاودێریی ئەوەیان وەک پێویست نەکرد. ئەوددەمە پاداشماندا بە باوەڕداران و زۆربەی وانیش رەوشتخراپن).

کورد بەشێوەیەکی گشتی، زۆر دژ بە رەبەنایەتین و، زۆر زوو ژنمێری دەکەن. بەتایبەتی یارسانییەکان، ژنمێری لەسەریان فەرزە، کەدەگەنە تەمەنی گەیشتن. کوڕ و کچ دەبێ پێکەوە بچنە جەمخانە بۆ بەستنی پەیمانی ژنمێری. ئەوددەمە، سەیید کلامی پیرمووسێ دەخوێنێتەوە بۆیان، کەهۆنراوەیەکە بەکوردی و، لەوەدا ئامۆژگاریی کوڕ و کچ دەکات کەرێزی یەکبگرن و بەوەفابن بۆیەک و، بەکوڕەکە دەڵێ، بێجگە لەژنەکەت نابێ لەگەڵ هیچ ژنێکی دیکە برازێیت، ئەگەرنا، سوکوریسوا دەبیت و لەکۆمەڵی یارسانی دەردەچیت. ئەوجا پیرۆزبایی دەکات لێیان و دەبێژێ:

**موبارەک بوونی ئەی زاوا و زایی**

**زایی و زەماوەن چەی ڤانی رایی**

### ٤- زمانی کوردی وەک زمانێکی ئاسمانی و پیرۆز:

زمانی کوردی، لەئاینی ئێزیدی و یارسانیدا، بەزمانێکی ئێزدانی و پیرۆز دادەنرێ. رۆژهەڵاتناسی بەنێوبانگی ئەڵمان کارل بروکلمان **Carl Brockelmann** لەوتارێکدا لەژمارە **٥٥** گۆڤاری "کۆمەڵەی رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانیدا، لەژێر نێوی **Das Neujahrsfest der Yezidis** (جێژنی سەرساڵی ئێزدییەکان ل.**٣٨٨-٣٨٩**) لەبارەی جێژنی "سەرساڵ"ی ئێزدییەکانەوە بڵاویکردووەتەوە، کە بەریەکەمین

چوارشەمەی مانگی نیسان دەکەوێ و، ئەم وتارەی لەچاوگە ئارامییە کۆنەکان وەرگرتووە، دەبێژێت: "ئێزدان لەو جێژنەدا دیتەلای ئێزدییەکان و بەزمانی کوردی قسەدەکات لەگەڵیان بۆ باسی دابەشکردنی کاروبار و دیاریکردنی بەختی ساڵی نوێ. پاش ئەوەی یەکێک لەئامادەبووان، بەئیجارە، هەموو زەوین و هەرچیەک لەسەریێتی، بۆ ماوەی ساڵێک وەردەگرێ، ئەوجا، بەهەرچوارلای خڕەی زەویدا دەڕوانێ، بۆ ئەوەی بزانێ مرۆڤ لەچییان کەمە، دوایی روو لەخەڵکەکە دەکات و پێیان دەبێژێ: "خوا دڵی بە نوێژ و رۆژوو و سەرڕاوەشاندن خۆش نییە، وەک ئەوەی دیان و جوو موسڵمانان دەیکەن. خودێی پیرۆز و مەزن، پتر حەز لەکاروکرداری باش و خێرخوازی دەکات، وەک لەنوێژ و رۆژوو." لەئاینی یارسانی و ئالەویشدا، نوێژ و رۆژوو بە پلەی دووەم دێ، پێوەندیی لەنێوان مرۆڤ و چاکەکردن لەگەڵیان، بە پلەی یەکەم دێ. کە ئەمەش رێسایەکی زەردەشتییە. وادیارە، هێندەک لەسۆفیە عەرەبەکانیش وەک ئیبن عەرەبی **(١١٦٥-١٢٤٠)** و حەسەنی بەسری **(٦٤٢- ٧٢٨ ك.)** کەوتبوونە ژێر تەزووی ئەم رامانەوە. ئیبن عەرەبی دەیگوت: "مرۆڤ دەتوانێ لەباتی نوێژ و رۆژوو شتی دیکەبکات". شێخ جونێدی بەستامی و هەلاجیش هەرلەسەر ئەو رێیە بوون. شایانی باسە، کۆڵەکەکانی ئاینی ئیسلام پێنجە: نوێژ، رۆژوو، زەکات، حەج، جیهاد. کۆڵەکەکانی یارسان: پاکی، راستی، خۆنەویستی، ردا (بەخشین) (لەرائیتی ئاڤێستاییەوە هاتووە.) هەر بەپێی رامانی ئێزیدییەکان، کاتێک فریشتە جیبرائیل هات بۆلایان، بۆ ئەوەی لەبارەی ماوەی رۆژانی رۆژووگرتنەوە قسەبکات لەگەڵیان، بەزمانی کوردی پێیگوتن ماوەکەی **٣** رۆژە. رەمەزانی موسڵمانیش لەوێ بوو. جا لەبەرئەوەی رەمەزان گوێی گرانە و، زمانی کوردیش باش تێناگات، **٣** رۆژەکە بە **٣٠** رۆژ تێگەیشت، هەرچەندە تاوسیمەلەک، بەپەنجە و بەژمارە، ویستی تێیبگەیەنێ کە **٣٠** رۆژ نیە، **٣** رۆژە، بەڵام ئەو هەر **٣٠** رۆژی بۆ موسڵمانان نووسی. کە رۆژووش لەسەر یارسانییەکان دانرا، لەپێشەوە **٣** شەو و **٣** رۆژی لەسەریەک بوو، بەڵام یارسانییەکان کەوتنە بێزاری دەربڕین. خوا گۆڕی بۆیان. بەپێی رامانی یارسانییەکان، جبرائیل **"نهێنی نەگوتراوی ئێزدانی"** بەزمانی کوردی راگەیاندووە پێیان. ئەو نهێنییەی کە پەیامبەری ئیسلام محەمەد(د.)

ئاگاداربووە لێی، بەڵام بەیارسانییەکانی نەگوتووە (شانامەی حەقیقەت، ل. **٢٠٢**، بەیتی **٣٨٤١**) لێرەدا دەبێ ئەوە بخەینە بەرچاو، لەکاتێکدا کە پەرتۆکە پیرۆزەکانی کوردە موسڵمانەکان، تەنانەت نوێژ و نزاکانیشیان هەمووی بەزمانی عەرەبییە، پەرتۆکە پیرۆزەکانی ئێزیدییەکان، وەک جلوە و مسحەف رەش و قەولەکانیان، هەمووی بە کوردییە. هەروەها هەموو پەرتۆکە پیرۆزەکانی یارسانییەکان، وەک دەفتەری پردیوەری و سەرئەنجام و دەورەی بالوولی زانا و دەورەی هەموو چاکەکانی دیکەیان و پێشبینیەکانیی یەڵبەگی جاف و گشت بەڵگەنامەکانی یارسانییەکان، بەزمانی کوردی و بەشێوەزاری گۆرانی و سۆرانی و لوڕییە و، لە هەزار و دووسەت ساڵ لەمەوبەرەوە دەستپێدەکات. بۆوێنە: باوە تایەری هەمەدانی، کە یەکێک بووە لەیاران، بە کوردیی هەڵبەستی نووسیوە. خانای قوبادی **(١٠٨٣- ١١٦٨ ك.)** شانازیی بە زمانی کوردییەوە کردووە و، لەفارسی بەشیرینتری داناوە؛

**راستەن، مەواچان: فارسی شەکرەن**
**کوردی، جە فارسی، بەس شیرینترەن**
**بەلەفزی کوردی، کوردستان تەمام**
**پێش بوان مەحزوز، باقی السلام**

زمانی کوردی، زمانی جەمخانەکانی یارسان و ئالەوییەکان و جقینەکانی ئێزدییەکانە، دیارە ئالەوییەکان، بەشێوەزاری کرمانجکی (دملی) قسەدەکەن، کەشێوە زارێکە نێزیکە لەشێوەزاری گۆرانی. دەبێ ئەوەش بێژین کە یارسانییەکان، شانازییان بە کوردبوونی خۆیانەوە کردووە. شاوەیسی قولی کە لە**٨١٠** ی کۆچیدا لەدایکبووە، لەهەڵبەستێکدا دەبێژێ:

**ئەسڵ من جەکورد، ئەسڵ من جەکورد**
**بابۆم کوردەنان، ئەسل من جەکورد**
**من ئەو شێرەنان، چەنی دەستەی گورد**
**سیلسیلەی سوپای، زوحاک کردم هورد**

شایانی باسە، کە پەیامبەری بەهاییەکان، بەهائوللا **(١٨١٧-١٨٩٢)** پاش ئەوەی مەلا موسڵمانەکانی ئێران و بەغدا تەنگیان پێهەڵچنی و روویکردە کوردستان و لەسلێمانی

دووساڵ (**١٨٥٤-١٨٥٥**) لەمزگەوتی مەولانا خالید، بەنێوی خواستەمەنیی دەروێش محەمەدەوە، بوو بە مامۆستای زانستگەی ئەو مزگەوتە، دەبێژێ: "زمانی کوردی. زمانی ئادەم بووە" **E.G. Brown: material for the study of the Bahai Religon, Cambridge 1961.** کەدیارە ئادەم، یەکەمین مرۆڤە کە خودێ ئافراندویەتی، ئادەم لەرێی دۆنادۆن (گەڕانی رەوان)ەوە، لەشێوەی چاکانی یارسانییەکاندا دەرکەوتووە. یارسانییەکانیش باوەڕیان وایە، ئەم رامانەی وان، لەسەردەمی ئەفراندنی جیهان و گەردوون و ئادەم و حەواوە بووە.

## ٥- پاکژیو شوێنی تایبەتی باوەردارانی ئاینە کوردییەکان:

قورئانی موسلمانان، کۆمەلگەی موسلمان (واتە: ئۆمەتی محەمەد(د) بەباشترین ئۆمەتی نێو مرۆڤایەتی دەداتە قەڵەم و دەبێژێ: "كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّـــاسِ... الخ" (سورەتی آل عمران ئایەتی **١١٠**) "ئێوە باشترین ئۆمەتن..." کە لێرەدا دەبێ بزانین وشەی "أمة"، لەزاری عەرەبیی سەردەمی کۆندا، بەمانای کۆمەلگەی ئاینی بەکارهێنراوە، بەلام ئێستە عەرەبەکان بۆ نەتەوە "بەکاری دەهێنن " کە ئەوەشم لەسەمیناری" بیری نەتەوەییی کوردی، نەبیری قەومیەتی رۆژهەلاتی و نەبیری ناسیۆنالیزمی رۆژاواییە (چاپی سوێد **١٩٨٤** ، چاپی لەندەن **٢٠٠٢**) رۆنکردووەتەوە. ئاینە کوردییەکانیش، جۆرە پیرۆزی و هەڵبژاردەییەک دەخەنە پاڵ خۆیان. بۆ وێنە: ئێزیدییەکان پێیانوایە کە ئەوان لەئەنجامی جووتبونی ئادەم لەگەڵ حەوای ژنی لەدایکنەبوون، بەڵکو، کاتێک ئێزیدی پەیدابوون، کە ئادەم هێشتا دووڕەگ **androgynous** بووە، واتە: نێریش و مێش بووە، ئەودەمە هێشتا حەوا دروست نەبوو بوو. لەبەرئەوە ئێزیدی لەزگی دایکیدا وەک ئێزیدی دروستدەبێ و، وەرگرتنی باوەری ئێزیدێتی لەلایەن کەسێکەوە کەوەک ئێزیدی لەدایکنەبوبێ، نایکاتە ئێزیدی. هەرلەبەر ئەوەشە، ئێزیدییەکان هەوڵنادەن کەس بەزۆر، یان بەئارەزوو بۆ نێو ئاینەکەی خۆیان رابکێشن. ئێزیدیش ناتوانێت ئاینی خۆی بگۆرێت، چۆنکە بەوشێوەیە ئافرێندراوە. یارسانییەکانیش دەبێژن کە "کاکە" وەک یەکەمین بووە، لەلایەن خودێوە ئافرێندراوە و، لەبن باخەڵی خودێ خۆیەوە هاتووەتە دەرێ. کەدەبێ وشەی کاکەیی پێوەندییەکی بەم رامانە میتۆلۆژیاییەوە هەبێ، نەک بەبیرۆکەی

"أخية"/ "فتوة" وەک عەباس عەززاوی، لەپەرتۆکەکەیدا "الکاکائیە فی التأریخ، کە لە**١٩٤٩**دا لەبەغدا چاپکراوە، باسیکردووە و، گەڕەکی "ئاخرحسێن"ی لەکەرکووک بردووەتەوە سەر "أخی حسین". گەڕەکی "أخی حسین" بەعەرەبی "برام حسێن" دەگرێتەوە. شتێکی سەرسوڕمانە، کورد بچن گەڕەکێکی خۆیان، بەزمانی عەرەبی نێوبنێن "گەڕەکی برام حسێن". ئەمە بێجگە لەوەی کەهێندێک کورد بەو گەڕەکەیان دەگوت "ئاخڕ، یان، ئاخوڕحسێن" بەبیروڕای من "ئاخر" لە "ئاگر"ەوە هاتووە. ئاخر حسێن "ئاگری سێن"ە، کە"سێن"، وەک "سان"، لە **Saêne** ی ئاڤێستاوە هاتووە، بەمانای پیرۆز و مەزن. بەکورتی: مەبەست لەئاگری سێن "ڕۆناکی خودێ"یە. ئەوەتا زاری ترکی، وشەی "ئاگر"ی کوردیی کردووە بە "ئاغر" (سەرنجی وشەی "ئاغری داغ" چیای ئاگری) بدە.

### ٦- ئێزدان خۆی لەمرۆڤ ناشارێتەوە:

بەپێی رامانی ئاینە سامییەکان، خودێ خۆی پێشانی مرۆڤ نادات، مەگەر زۆر بەدەگمەن و بەپەرجۆ (معجزات) وەک بینینی خودێ لەلایەن عیسای کوڕی مرێم و محەمەد (د) پەیامبەری موسڵمانان، لەکاتی فرینیاندا بۆ ئاسمان، کە بە"معراج" نێو دەبرێ، وەک لەمەوبەر گوتم، رەنگە وشەی "معراج" پێوەندیی بە"میترا"، واتە خوای خۆرەوە هەبێ، کە لەئاسماندایە. بەپێچەوانەی ئەمەوە، لایەنگرانی ئاینی یارسانی، وەک لایەنگرانی ئاینە کوردییەکانی دی، باوەڕیان وایە کە خودێ خۆی لەمرۆڤ دانەبڕیوە، بەڵکو پێوەندیی بەمرۆڤەوە دەکات. وەک لەمەوبەر باسمانکرد، رەوانی مرۆڤ، بەپێی رامانی ئەم ئاینە، بەشێکە لەرەوانی خودێ، یان وەک یارسانییەکان دەبێژن "رەوانی مرۆڤ فووی هەناسەی ئێزدانییە". لەبەرئەوە خودێ، هەتاهەتا خۆی لەمرۆڤ ناشارێتەوە، کە بەشێکن لەخۆی، بەڵکو خۆی پێشاندەدا لەرێی گەڕانی رەوانەوە (دۆنادۆن / کراسگۆڕین). بەخۆپێشاندانی ئێزدانی دەگوترێ "دیاردەی ئێزدانی" کە بەزمانی ئینگلیزی **Manifestation** ە و، فارسەکان کردوویانە بە "مظهریت"، کەئەمەش لەوشەی "مظهر"ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، واتە "شێوەی دەرکەوتن"، یان "وێنەی هاتنەڕوو"، کە وشەی "بوونە تەن" یان "بوونە لەش" (تجسم) یش بۆئەمە بەکاردەبرێن. رەوانی ئێزدانی، بەپێی رامانی ئێزیدییەکان، لەسەرەتای سەرەتادا، واتە پێش بوون (ئەزەل)

کاتێک کەئەم گەردوونە نەبووە، خوا لەشێوەی مەلێکدا بووە، کەنێوی "ئەنقەر" بووە و لەلای یارسانییەکان لەشێوەی بازێکدا بووە.  کە وشەی "شابازی قەلەندەر" لەمەوە وەرگیراوە.  خودێ لەنهێنیی پیرۆزی خۆی، "دوررێکی سپی"، وەک یەکەمین بووە، ئەفراندووە، کە دوررەکەی تەقاندووە، زەریایەک دەرچووە لێی. پاشان زەوی و ئاسمانەکان دروستبوون و، لەپارچە و پلۆچی دوررەکەش، مانگ و خۆر و ئەستێرەکان هاتوونەتە بوون.  بەپێی رامانی یارسانی، بوونی ئێزدانی، هەرلەپێش بوونەوە، لەنێو ئەو دوررەدا بووە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی کوردەلۆژی ئۆکرانیایی کۆچکردوو مارگریت رۆدێنکۆ "دورری سپی" لەمیتۆلۆژیای کوردا –ئەفسانە ئاینییەکان و چیرۆکە دەمییەکان- ئەوشوێنەیە کە گیانی مرۆڤە باشەکان لەکاتی مەترسیدا، خۆیان لەنێویدا دەپارێزن ((کوردیسکی ناردۆنی سکازکی = چیرۆکە گەلێرەکانی کورد) مۆسکۆ **١٩٧٠**. ئەم بەرهەمە کراوە بە فارسیش و بە کوردیش **ل. ١٩٤-١٩٥)**.  پیر ئەحمەدی کەرکووکی، کە لەسەتەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە و، گۆڕەکەی لەگەڕەکی موسەللای کەرکووکە گوتوویەتی:

**ئەز ئەحمەدی زێڕین بەرم**

**ئەز ئەو دوڕڕەی ناو گەوهەرم**

**ئەرزوسەمایە لەنگەرم**

**لەرۆژ حساو، ئەز لەدەرم**

هەربەپێی رامانی یارسانییەکان، تەخت (عرش)ی ئێزدانی، لەشێوەی دوررێکدا بووە، کاتێک کە رەوانی ئێزدانی بۆ یەکەمینجار لەشێوەی "خاوەندکار" دا خۆی دەرخستووە (ش.ح.ل. **٥٠** بەیتی **٨٩٣** – ل. **٥٣** بەیتی **٩٤٥-٩٤٦**. یەکەمین بووەش، کە خاوەنکار لەباخەڵی خۆی دەریهێناوە، پیربنامێن بووە کە پیربنامێن، پیرخدری شاهۆیە و، خاوەنکار پەیمانێکی بەستووە لەگەڵی و، بەوپێیە راستیی پێشانداوە و، هەردوو جیهانی بەدیاری پێداوە.

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەم دیاردەی ئێزدانییەی ئاینە کوردییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی شێوە و قاڵب بۆ خودێ پەیدا بکرێ کە ئەمە دژی ئەو ئایەتەیە کە لەقورئاندا هاتووە و دەبێژێ "خودێ لەهیچ شتێک ناچێ و، بیستەر و بینایە" (... لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ

ﭑ وَهُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ) سوورەتی الشوری ئایەتی (١١). بەڵام هەر لەقورئاندا حەوت ئایەت هەنە کە باس لەدەست (١٠/٤٨، ٦٤/٥، ١/٤٩) یان چاو (١٤/٥٤، ٤٨/٥٢، ٣١/٢٠)ی خودێ دەکەن. هەر لەقورئاندا حەوتجار باسی تەختی خوا (عرش) کراوە کە خوا لەسەر ئەوتەختەیە. (٢/١٣، ٣/١٠، ٥٤/٧، ٥/٢٠، ٥٩/٢٥، ٤/٣٢، ٤/٥٧). ئەمەش لەسەردەمی کۆنی مێژووی ئیسلامدا، گیروگرۆی زۆری بۆ قسەکەرەکان (متکلمون)ی ئیسلام دروستکرد، بەتایبەتی لەسەرەتای چوارەمی کۆچیدا، کەبوو بەهەرا لەنێوانی لایەنگرانی (تشبیه) لێچواندن و دژبەرەکانیاندا. موعتەزیلەکان دەیانگوت، بوونی ئێزدانی بەهیچ جۆرێک ناچێتە قاڵبی مرۆڤەوە و، تایبەتکاری مرۆڤی نییە و، دەیانگوت "قورئان لەئاسمانەوە نەهاتووەتە خوارێ، بەڵکو دەستکرد (مخلوق)ە. باوەڕیشیان بەبوونی ماک (مادە) و رەوان (روح)ی جیالەیەک نەبوو"، دەیانگوت "رەوان، توێژێکی نازکی ماکە". حەنبەلییەکان کە لارییان لەبوونی وێچوون نەبوو، هەروەها زاهیرییەکان، ئامۆژگاریی لایەنگرەکانی خۆیانیان دەکرد، لەکاتی قورئان خوێندنەوەدا کە دەگەنە ئەو ئایەتانە، داوای لێکدانەوەیان نەکەن، بەڵکو بە"لاکیف" (واتە: نەک چۆن، مەڵێ چۆن!) هەڵسوکەوت بکەن.

دەبێ ئەوە بزانین کە خودێ لەئاینی ئیسلامدا تەخت (عرش)ێکی هەیە، بەڵام لەهەموو جێیەکیش هەیە (واتە: بێجێ/ لامکان)ە. لەئاینی زەردەشتیشدا هەروایە، ئاهورامەزدا لەهەموو جێیەکە و لەشوێنێکیش تەختێکی هەیە کە بە(گرونەمەن) نێودەبرێ. لێرەدا دەبێ ئەوە بخەینە بەرچاو، کە ئێزدان لەمیتۆلۆژیای کورددا، بەپێچەوانەی رامانی بتپەرستەکانەوە، کە بتەکانیان قاڵب و شوێنێکی هەمیشەییان هەبوو، ئاهورامەزدا شوێن و قاڵبی هەمیشەیی نییە. هەرچەندە، رەوانی ئێزدانی دەچێتە قاڵبێکی ماکییەوە، بەڵام هەتاسەر و هەتاهەتا لەم قاڵبەدا نامێنێتەوە و، لەیەک شوێندا ناگیرسێتەوە. بەڵکو قاڵب و شوێنی دێنە گۆڕان. ئێزیدییەکان، بەو قاڵب گۆڕینەوەیە دەبێژن "کراس گهۆرین". یارسانییەکان و ئالەوییەکان دەبێژن (دۆنادۆنا). یارسانییەکان، رەوانی ئێزدان، وەک تیشکی خۆر و ئاو دەبینن. تیشکی خۆر و ئاو دەتوانن بچنە نێو هەموو دەفرێک و هەموو شووشەیەکەوە و رەنگی ئەو دەفر وشووشەیە بگرن کە تێیدەچن،

بەڵام ئەمە هەر ئەوکاتەیە کە لەنێو ئەو دەفر و شوشەیەدان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێزدان و خۆر یەکشت نین، بەڵکو ئێزدان خودێی خۆرە، وەک میترایستەکان دەبێژن. لەبەرئەوە، کورد خۆر پەرست نەبوون، بەڵکو خوای خۆریان پەرستووە، کە خوای رۆناکیە و، رێزی رۆناکییان گرتووە کە بۆ یەکەمینجار پێش دۆزینەوەی ئاگری دەستکرد، ئەو رۆناکییەیان لەخۆر و بروسکەدا بینیوە. ئەوجا پاش ئەوەی ئاگر دۆزراوەتەوە و، ئاگریش وەک خۆر و بروسک (هەورەتریشکە) رۆناکبووە، ئاگریشیان بەشتێکی پیرۆز زانیوە.

کورت و کرمانجی: رامانی ئێزدانی، بەپێی رامانی ئێزیدییەکان، کە خودێ بە (ئێزی) نێودەبەن، لەشێوەیەکەوە دەچێتە شێوەیەکی دی و، هەردەمەش بەنێوێکی دیکەوە، بەڵام خۆی هەر خوای مەزنە. خدر سلێمان و خەلیل جندی کە هەردووکیان دوو پیری ئێزیدین. لەپەرتۆکەکەیاندا کە بەنێوی "ئێزدیاتی لبەر رۆشناییا هندەک تێکستێد ئاینی ئێزدیان" کە لەبەغدا لەساڵی **١٩٧٩** دا چاپیانکردووە لەلاپەڕە (**١٨**)دا ئەم هەڵبەستە ئاینییەی خوارەوەیان تۆمار کردووە:

**سوڵتان (ئێزی) بخۆ پادشایە**

**هەزارویێک ناڤ ل خۆنایە**

**ناڤێ مەزن هەر خودایە**

ئەمەش هەر بەڵگەیەکی دیکەیە کە ئێزیدییەکان خوا پەرستن، نەک شەیتانپەرستن.

### ٧- ئاینە کوردییەکان دژ بەزۆردارین:

لەبەر ئەوەی ئاینە کوردییەکان باوەڕیان بە دوو هێز هەیە، هێزی باشە و هێزی خراپە، واتە: ئاهورامەزدا و ئەهریمەن، دیارە پێیانوایە کە ئاهورامەزدا کاری خراپی لێناوەشێتەوە، وەک زۆرداری و بندەستکردنی خەڵک و برسیکردن و ئازاردان، لەبەرئەوە، ئاینەکەیان داوایان لێدەکات کەبچن بەگژ ئەم خراپەکارییانەدا کە بەکردەوەی ئەهریمەنی دەزانن و، ئەمەش مانای بەرخۆدانی جەماوەری و گەلێرە، لەدژی زۆرداری و بێدادی. بەپێی ئاینی مەزدایزم، رۆژێک دێ، لەبنەماڵەی زەردەشت، خێرخوازێک بەنێوی سائۆشیانت پەیدادەبێ، کە سەرکردەیی بەرخۆدانێکی گەلێر دەکات دژی زۆرداری و، هەر لەمەشەوە بیری رزگارکەر و کاوەی ئاسنگەر و پایەکی خورەمدین و مەزدەک

(مژدەک) و ئەو سەرکردە کوردە دلێرانە هاتوونەتەوە پێشەوە، کە خەڵک لەدەوریان کۆبووەتەوە و بەربەرەکانی زۆردارانی کردوە. ئەم ئاینە کوردییانە، باوەڕیان بەوەنیە کە ژێردەستەیی و هەژاری و سەرشۆڕی، لەرۆژی پێشبوون (ئەزەل)ەوە، لەچارەیان نووسراوە، لەبەرئەوە هەوڵی گۆڕانی دەدەن. ئەو شۆڕشانەی کەتا ئێستا لەکوردستاندا روویانداوە، نموونەن بۆ ئەو باوەڕەی کە مرۆڤ دەبێ دژ بەخراپەکاری و نالەباری و بێدادی، بێدەنگ نەبێ و، مرۆڤ دەتوانێ بیانگۆڕێ؛ بەکاری هەرەوەزی و بەهاوکاریکردن لەگەڵ مرۆڤی باش و پاک. هەرەوەزی، هەتا ئەوڕۆش، شێوەیەکی باوی کاروپیشەی جۆتیارانی کوردە.

## ٨- سکپڕبوونی کچ، بێ بوونی پێوەندیی سێکسی لەگەڵ پیاو:

سکپڕبوونی کچ، بێ‌بوونی پێوەندیی سێکسی لەگەڵ پیاو، رامانێکی یەکجار کۆنە و لەلای هندییەکۆنەکان و خەڵکی مێزۆپۆتامیا بووە. بەپێی ئەم رامانە، هێندەک لەمرۆڤە پیرۆزەکان و چاکەکان و نێودارەکان، لەدایکبوون، بەبێ ئەنجامدانی کارێکی سێکسی لەگەڵ دایکیان. بوودا، کە لەمەوبەر باسمانکرد، یەکێک بووە لەوانەی کە لایەنگرەکانی پێیانوایە بەم شێوەیە لەدایکبووە. دوورنییە، ئەم رامانە کاریکردبێتە سەر رامانی دیانەکان کە عیسای پەیامبەر، بەکوڕی خودێ دەدەنە قەڵەم و، دەبێژن "مریەمی دایکی کچ بووە." ئاینی ئیسلامیش لەم رووەوە، باوەڕی وایە کە مریەم بە کچێنی عیسای بووە، ئەگەرچی عیسا بەکوڕی خودێ نازانێ، بەڵام بە روح ألله (روانی خودێ)ی دەزانێ. وەک لەمەوبەر گوتمان، بەپێی رامانی یارسانییەکان، رەوان لەگەڕاندایە لەتەنێکەوە بۆ تەنێکی دی و، هەربەباوەڕی یارسانییەکان، رەوانی ئێزدانی لەسەتەی دەیەمی زایندا، لەکوردستان، لەشێوەی شاخۆشێن (یان: باوەخۆشێن)دا دیاردەی داوە. شاخۆشێن/باوەخۆشێن، لەکچێکی زۆرجوان لەدایکبووە، نێوی گەڵاڵە بووە کە نێوەکەی لەرێی زمانی فارسی و عەرەبییەوە کراوە بە "جەلالە" (ش.ح.ل. **٢٧٤-٢٧٦ / ب. ٥٢٨٠-٥٢٨٣ ، ٥٣٠٢-٥٣٠٥.**) ئەم کچە رۆژێکیان لەبەر هەتاو بەسەرپشتدا خۆی پاڵخستووە و، خەوی لێکەوتووە. لەکاتی نوستندا تیشکی خۆر (کە خۆر زۆر پیرۆزە لای یارسانییەکان) چووەتە دەمیەوە و لەوەوە زگی پڕبووە، زۆر ترساوە لەوەی کەسوکاری

بیکوژن. خودێ یارێکی خۆی، لەتەنی کاکەردای لوڕستانیدا (کە لەگەڵ فریشتە "جبرائیل"دا یەکڕەوانن)، (سەرنجی وشەی کاکەیی بدرێ) ناردووە بۆ لای و پێیراگەیاندووە "مەترسە، زگەکەی تۆ دیاردەیەکی ئێزدانییە". کاکەردا گەلاڵەی بەسواری گا بردووە بۆ ماڵی خۆیان و پاراستوویەتی، تا باوەخۆشێن لەدایکبووە، (ش.ح.ل. **٢٨٧**، ب.**٥٥٥١**.) گەلاڵە، لای یارسانییەکان، لەگەڵ مریەمی دایکی عیسا و فاتیمەی کچی پەیامبەری موسڵمانان محەمەد، بەیەک ڕەوان تەماشا دەکرێن (ش.ح.ص. **٢٩٠**، ب. **٥٦١١**.) گەلاڵە دیاردەی فریشتە دایە ڕێزوارە (ل. **٢٨٧**، ب. **٥٥٥١**) بەپێی ڕامانی یارسانییەکان، شاخۆشێن، هەروەک عیسا پەیامبەر، پەرجۆی نیشانی خەڵکداوە. مردووی زیندووکردووەتەوە (ش.ح.ل. **٣٠١**، ب. **٥٨٣٠-٥٨٣٢**) سێوێکی کردووە بەدوو لەتەوە و هەر لەتەی داوە بە پیرەژن و پیرەمێردێک و لەوەوە منداڵیانبووە (ش.ح.ل.**٣٠١**/ب، **٥٨٣٤-٥٨٤٠**). هەروەها سوڵتان سەهاک لەساڵی **١٢١٦/١٢١٥** ز. دا وەک دیاردەیەکی ئێزدانی، لەکچێکی جاف کەنێوی دایراک بووە، بەبێ پێوەندیی لەگەڵ پیاو، لەدایکبووە و، بەپێی ڕامانی یارسانییەکان، وەک خۆر درەوشاوەتەوە. دانانی شێخ عیسێی بەرزنجی، کوڕی باوەعەلی هەمەدانی، بەباوکی سوڵتان سەهاک، وەک دانانی خودێیە بەباوکی عیسا لەلایان دیانەکانەوە، واتە باوکی ڕەوانی بووە، نەک باوکی تەنی. هەربەپێی ئەم ڕامانە، سوڵتان سەهاک **٣٠٠** ساڵ لەسەر زەوی ماوەتەوە و، ئەوجا لەسەر چیای شنروێ ئاوابووە. بێجگە لەمانەش، باوەیادگاریش، هەر لەکچێک لەدایکبووە بەوشێوەیە، کچەکە بەخواردنی دەنکە هەنارێک زگی پڕبووە. لێرەدا بەپێویستی دەزانم سەرنجی گوێگران بۆئەوە رابکێشم کە زۆربەی هەرە زۆری چاکەکان و یارانی خودێ، لای یارسانییەکان، نازنێوی "باوە"یەن پێوەیە وەک باوەتاهیر، باوەبالوولی زانا، باوەیادگار، باوەناووس، باوەمەنسوور، کەفەرمانی داوە بەدیوارێک بجولێ، دیوارەکە دەستبەجێ جوولاوە. باوەگڕگڕ کە کراوە بە (باوە گوڕگوڕ) و ژنان دەچن بۆ سەری بۆ ئەوەی کوڕیان پێببەخشێ. بێجگە لەیارسانییەکان، ئێزیدیەکانیش گەلێک نێوی پیرۆزیان بە"با" دەستپێدەکات، وەک جێژنی باتسمی **Batismi** و بائیدرە **Baidre**، هەروەها نێوی ئاینێکی کوردیی سنکرێتیستی "باجەوان"ە، کە باوەڕدارەکانی لەدەوروبەری موسڵ

دەژین و مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی دەفەرمووێ، ئەوانە لەبنەڕەتەوە کاکەیی کەرکووک بوون و چوونەتە ئەوێ. (رەنگە وشەی "باجوان" لە "باگ-وان"ەوە هاتبێ، واتە "خوا-وەند")، ئەوەش دەبێ بخەینەوە بەرچاو کەنێوی گەلێک شوێنی کوردستان بە "با" دەستپێدەکات وەک باقووبە، بامەڕنی، بادینان، باسەڕا. "با" وشەیەکی کۆنی کوردییە بۆ خودێ، "با" بەئاڤێستایی مانای خودێیە. وشەی بابل، کە سامییەکان بە (باب-ئیلو **Bab-ilo**) واتە "دەرگەی خودێ" لێکی دەدەنەوە، راست نییە، بەڵکو لە **Ba-wir** ی ئاڤێستاییەوە هاتووە. "با" خودێیە و "ور" (جێ/شوێن)ە، کەهەتا ئەوڕۆش "وار/هەوار" لەزمانی کوردیدا، مانای جێ/شوێن/ نیشتمانە. لێرەدا دەبێ بێژم کە وشەی ئەربیل/هەولێر لە ئار-بێل، ئاگر-وێڵ، ئاگر-وێرەوە هاتووە کە "وێر" وێنەیەکی دیکەی وار (شوێن)ە، ئەردەبیل لە ئار-دەڤیل، ئاگر-دەڤیر (دەڤێر/دەڤەر) شوێنی ئاگر. "دەوار" و "دەڤەر"یش، هەر یەک بنەچەیان هەیە.

### ٩- گەڕانی رەوان، وەک چارەسەر بۆ کێشەی بەهەشت و دۆزەخ و شەیتان:

لەئاینی یارسانی و ئاینە کوردییەکانی دیکەدا، بەهەشت و دۆزەخ بەوشێوەیە نییە، کە لەئاینە سامییەکاندا هەیە. کە بەپێی ئەم ئاینە سامییانە، شوێنێکی تایبەتی یەکجار خۆش هەیە، کەهەموو جۆرە مێوە و خواردنێکی خۆش و مەی و کچی دەستبەرنەکەوتووی لێیە، بۆ ئەوانەی گوێڕایەڵی فەرمانی خودێن و، دۆزەخیش هەیە کەشوێنێکە ئاگری نێڵەنێڵی تێدایە و خواردنی زۆر زۆر ناخۆش و قورس دەدرێ بەو کافرانەی تێیدان، کە بەزنجیر دەبەسترێنەوە و هەتاهەتا لەوێدا دەمێننەوە. لەقورئانی موسڵماناندا هاتووە: **"إِنَّ لَدَيْنَا أَنكَالاً وَجَحِيماً ، وَطَعَاماً ذَا غُصَّةٍ وَعَذَاباً أَلِيمـــاً "** (لای ئێمە سزای بێوێنە و ئاگری دۆزەخ هەیە، خۆراکی لەگەروودا گیربوو و، ئەشکەنجەی پڕئازار هەیە)،(**١٢-١٣** المزمل). هەروەها قورئان لەبارەی بەهەشتەوە دەبێژێ: "رۆبار بەژێریدا دەگەڕێ و خواردن و سێبەری لێ نابڕێ" **"مَّثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ ۖ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ۖ أُكُلُهَا دَآئِمٌ وِظِلُّهَا ۚ تِلْكَ عُقْبَى الَّذِينَ اتَّقَواْ ۖ وَّعُقْبَى الْكَافِرِينَ النَّـــارُ "** (**سوورەتی الرعد، ئایەتی ٣٥ ). "إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّـــاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤاً ۖ وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيـــرٌ "**

(ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە و کاری باشیان کردووە، خوا دەیانخاتە ئەو باخانەوە کە ڕۆبار بەژێریاندا دەڕۆن. لەوێ بەبازنی زێڕین و مرواری دەڕازێندرێنەوە، جلەکانیشیان لەئاوریشم دەبێ)،(سوورەتی الحج ئایەتی **٢٣**). لێرەدا پێویستە بڵێین کە وشەی "جنة" (جنەت) بۆ بەهەشت و "جهنم" بۆ (دۆزەخ) هەردوو وشەکە کوردیی کۆنن و لە ئاڤێستادا هەن، بەڵام بەهەشت و دۆزەخ، لای زەردەشتییەکان، -وەک لەلای یارسانییەکان و ئاینە کوردییەکانی دیکە- شوێنێکی تایبەتی و هەتاهەتایی نییە، بەڵکو ئەوەیە ڕەوانی مرۆڤێکی باش، پاشمردنی دەچێتە تەنی مرۆڤێکی دیکەوە کە کاتێک لەزگی دایکیدا چێدەبێ. لێرەدا شەیتان بوونی‌نییە. بەڵکو مرۆڤی خراپ و شەڕلەتان، بەشەیتان دەدرێنە قەڵەم. قسەیەکی نەستەقی کوردی هەیە کە دەبێژێ "هەرکەسە شەیتانی خۆیەتی". ئەمەش ڕامانەکەی مانییە کە دەبێژێ هەموو مرۆڤێک بریتیە لەڕەوان (کە سووک و پاکە) و لەش/تەن (کەقورس و پیسە) و پاش مردن ڕەوانە پاکەکە جیادەبێتەوە لەمرۆڤ و دەمێنێ، بەڵام لەشەکە دەگەنێ و بەزەویدا دەچێ. باوەڕی یارسانییەکانیش هەروایە. هەر لەبەرئەوەشە ئەم ئاینە کوردییانە باوەڕیان بەبوونی شەیتان نییە و تۆمەت خستنەپاڵ ئێزیدییەکان کە شەیتانپەرستن، بەڕاستی تاوانێکی یەکجار گەورەیە. بەتایبەتی چۆنکە لەبەر ئەو بوختانە، چەندجار کۆمەڵکوژی لەئێزیدییەکان کراوە. حاجی نیعمەتوڵای موکری، کەیەکێکە لەسەرگەورەکانی یارسانییەکان، لە "شانامەی حقیقت"دا، سەت ساڵێک لەمەوبەر ئەم ڕاستییەی خستووەتە بەرچاو، کاتێک گوتوویەتی "کوردە گۆرانەکان تووشی سەرلێتێکچون بوون کە فریشتە شا-تەنیان لەگەڵ شەیتان کردووە بەیەک (ش.ح.ل. **١٢٠-١٢١**) هەردوو نێوەکە وەک ئاسمان و زەوی دوورن لەیەک. ئەزژی هەرلەکۆنەوە، ئەمە دەرکەوتبوو بۆم کە ئێزیدییەکان بەناڕەوا بە شەیتانپەرستان دەدرێنە قەڵەم و لەو بارەیەوە لەزانستگەی برێمن لە **١٩٩٠/٥/٨** دا بەبانگێشتی بەشی ڕۆژهەڵاتناسی، سەمینارێکم بەزمانی ئەڵمانی لەژێر نێوی "ئێزیدییەکان شەیتانپەرست نین" پێشکێشکرد. بەپێی ڕامانی یارسانییەکان، شەیتان بریتیە لەخۆپەرستیی نزم، کە پێچەوانەی خۆشەویستییە، یارسانییەکان دەبێژن: بنەڕەتی سەرچاوەی خۆشەویستی؛ خودێیە. یارسانییەکان کە نێوی شەیتانی موسڵمانان ببەن، دەبێژن ئیبلیس کە لەوشەی

دیابۆلۆس، **Siåβo:ιos** ی یۆنانییەوە هاتووە. بەپێی "شاهنامەی حەقیقەت" شوێنی خۆشەویستی وا لەسەر تەختی رۆناکی (ش.ح.ل. **٩٤٢ ب. ١٧٨٢**) بەهەشتیش لای وان، مانای خۆشەویستییە. هەرلەبەر ئەوەشە یارسانییەکان، سوڵتان سەهاک بە "خوای خۆشەویستی/ ئەڤین" نێودەبەن (ش.ح.ل. **٩٥**، ب.**١٧٩٩**).

### ١٠- ژن وەک بووەیەکی ئەفسانەیی:

وەک لەمەوبەر گوتمان، خودێی یارسانییەکان، سوڵتان سەهاک، لەفریشتەیەکی مێینە لەدایکبووە کە لەشێوەی کچەجاف "دایراک" دا دیاردەی داوە. هەر بەپێی رامانی یارسانییەکان لەهەموو دیاردەیەکی ئێزدانیشدا، فریشتەیەکی مێینە، وەک یارێک لەیارانی ئێزدان دەردەکەوێ. دەبێ ئەوەش بزانین کەنەک هەر یارسانییەکان بەتەنێ، باوەڕیان بەفریشتەی مێینە هەیە، بەڵکو کورد هەموو باوەڕیان بەبوونی فریشتەی مێ و جنۆکەی مێیش هەیە. لەجنۆکە مێیەکان، پیری کووزە کە ژن دەفڕێنێ و پیری مێرخۆر کە خەڵک دەخوا. لەئەفسانە کوردییەکانیشدا باسی گەلێک پاڵەوانی ژن هەیە کە توانیویانە لەشەڕە شیر و زۆراندا پاڵەوانی پیاو بدەن بەزەویدا. بۆوێنە "ئارەبی زەنگی". هێندێ بەڵگەش بەدەستەوە هەن، چ لەچیرۆکە ئەفسانەییەکان (وەک چیرۆکی کارۆ سلێڤی) و چ لەنێوی گەلێ ژنان و پیاواندا، کە نێوی دایکیان هەڵدەگرن، نەک نێوی باوکیان، ئەگەر ئەو کوڕانە ئازا و هەڵکەوتوبوون، یان ئەو کچانە زۆر جوان و شۆخوشەنگ بوون، کەدوورنییە ئەمەش پاشماوەی سەردەمێک بێ، کاتێک کۆمەڵگەی کورد دایکفەرمانی بووبێ، یان ژنفەرمانی بووبێ. بیرمان نەچێ کە خودێی خۆر مێینە بووە و ئەوەتە نیشانەی رۆژ لەکوردیی باکوردا نیشانەی مێینەیە. دەگوترێ رۆژ(ا)ئینی (واتە: رۆژی هەینی) کە al نیشانەی مێینەیە. هەروەها ئەستێرەی گەلاوێژ (کە: گڕهاوێژە) و بەئاڤێستایی تیشتریەیە (کە وشەی تیشک و تریشقە لەوەوە هاتووە) لەئاینی زەردەشتیشدا فریشتەیە.

### ١١. کردنی چیاکان و رۆبارەکانی کوردستان بە مەڵبەندی پیرۆزی و ئەفسانەیی:

لەئاینی یارسانی و ئاینە کوردییەکانی دیکەدا، چیرۆکە ئەفسانەییەکان و نیشانەکانیان بەستراون بە کوردستانەوە، بەتایبەتی بە چیاکان و رۆبارەکانەوە. وەک

دەزانن، چیاکانی کوردستان ئەو قەڵایانە بوون و ئەو قەڵایانەن کە لەرۆژانی تەنگانەدا، بوونی کوردیان پاراستووە و دەپارێزن و، چیا بەپێی "شانامە"ی فیردەوسی، ئەو شوێنەیە کە ئەو کوردانەی لەدەست زۆرداریێکانی زوحاک رایاندەکرد، روویانتێدەکرد. هەرلەمەشەوە گەلێک هۆنراوە بەسەر چیاکاندا هەڵدراون. وەک:

**ئەی ملەکەوە بۆچی داماوی　　بۆچی واکەوە و شینهەڵگەڕاوی　　(سەلام)**
**شاخی رەنگاورەنگی گۆیژە　　باعسی کەیف و سرور**
**پیرەمەگروون موقەدەسی　　دۆستی دایمی کوردی**
**ئەی چیایێ مە مەتینە　　تە جهێی ملک و خەزینە**
**شیرین بەهارە بەهاری شادان**
**(مەبەست لەچیای شیرینە)**

تەنانەت کوردی باکوور کە سوێند دەخۆن بە "جۆتی گریداخێ" واتە بە هەردوو (جووت) ئاگریداخێ چۆنکە دوو ئاگریداخ هەیە. هەر لەزمانی کوردیدا گەلێک وشە هەن بۆ چیا، وەک: شاخ ، هەرد، کێو. بەپێی ئاینی ئێزیدییەکان، کەشتی نووح لەپێشدا لەسەر چیای شەنگارو، دوایی لەسەر چیای جوودی گیرساوەتەوە. چیای مۆبەت، لەچیرۆکی پەیدابونی گەردووندا، لای ئێزیدییەکان پیرۆزە. بەپێی میتۆلۆژیای یارسان، سوڵتان سەهاک لەگەڵ یارانی، لەسەر چیای شاهۆ بەیەک گەیشتن. هەر لەسەر ئەو چیایە، دژ باوەڕەکان ویستویانە پیرخدری شاهۆ (کە پیربنامین)ە، بسوتێنن. هەر بەپێی رامانی یارسانی، نهێنی ئێزدانی لەسەر چیای داڵەهۆ بەیارانی سان راگەیاندراوە. لەئەفسانەیەکی کوردیدا دەگێڕنەوە کە نەمروود چیای نەمروودی دروستکردووە، بۆ ئەوەی لەوێوە تیر بگرێتە خودێ. سوڵتان سەهاک و هەفت پیری یارانی، کە لەبەرزنجە دژباوەرەکان پەلاماریاندان، چوونە سەر چیای شنروێ. چیا، هەر تەنێ لەئاینی یارسانی و ئێزیدیدا دەور ناگێڕێ، بەڵکو رێبەرێکی کوردی موسڵمانیش، وەک سەعیدی نوورسی، **(١٨٧٣-١٩٦٠)** کەبە سەعیدی کوردی بەنێوبانگ بوو و، تەریقەتی نوورسێتی دامەزراند، دەبێژێ؛ جارێکیان لەخەونیدا لەسەر چیای ئارارات وەستاوە، لەپڕ چیاکە تەقیوە و، بووە بەچەند چیایەک. " بوومیەکی گرینگ" لەوکاتەدا دەرکەوتووە لێی و فەرمانیداوە پێی کە باسی پەرجۆی قورئان بکات. لەمەوە ئەو تەریقەتەی داهێناوە. سەعیدی نوورسی هەتا مرد، جلکی کوردی فڕێنەدا و،

بەربەرەکانی رژێمی ئەتاترکی کرد و لەسەردەمی سەرەتای سەتەی بیستەمدا داوای لەخەلیفەی عوسمانی کرد کە لەشاری وان، زانستگەیەک دامەزرێنێ بەکوردی وانەی تێدا بگوترێتەوە. بەپێی ئەفسانەی کوردی، ئەشکەوتەکانی کوردستان، شوێنی فریشتەش و شوێنی جنۆکەشن. بەپێی رامانی ئێزیدییەکان، خودێ سێ‌هەزار فریشتەی ئافراندووە لەسەر کێوی رەش و کردوونی بەخزمەتکار و کارەکەر. رۆبارەکانی کوردستانیش لەپیرۆزیدا، پاش چیاکان دێن. بەپێی رامانی یارسانی، مەڵبەندی سوڵتان سەهاک لەپردیوەرە، کەوا لەنێزیک رۆباری سیروانەوەیە. ئالەم رۆبارەدا —بەپێی چیرۆکەکانی یارسان- موسڵمانەکان پیرئابدینی جاف، کە چاکی یارسانییەکان بوو، خنکاندووە. بەپێی ئەفسانە کوردییەکان، برایم پەیامبەر، لەلایەن بتپەرستەکانەوە لەئۆرفە لەنێزیک زێی خەلیل رەحمانەوە سوتێنراوە. کە لەقورئانیشدا ئەم باسە هەیە، بەڵام بەباوەڕی موسڵمانان ئاگرەکە بەویستی خودێ کاری لەبرایم نەکردووە. چۆنکە فەرمانی پێداوە (قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْداً وَسَلَاماً عَلَى إِبْرَاهِيمَ )، (گوتمان: ئەی ئاگر لەبەر برایمدا سارد و بێ زیانبە) سورەتی الانبیاء، ئایەتی **٦٩**.

بەپێی رامانی یارسان، رۆژی پەسلان (مەحشەر) لەشارەزوور دەبێ کە شارەزوور شوێنێکی پیرۆزە لای یارسانییەکان و، دەبێژن: "زۆر"ی کوڕی زوهاک ئاوایکردووە. (هۆلاکۆ لە **٨٠٣** ی کۆچیدا سووتاندویەتی. پێش ئەویش یۆنانییەکان چەندجارێک کاولیانکردووە) و، چەند چاکێکیان خەڵکی ئەوێن وەک: پیرئابدین و یەڵبەگی جاف (**٨٩٨-٩٦١** ی کۆچی/مانگی). وەک دەزانین یەڵبەگی جاف، ئەو فەیلەسووفە بووە کە نێزیکەی پێش **٥٠٠** ساڵێک لەمەوبەر هێندەک پێشبینی کردوون، کە هەموویان هاتوونەتەدی. یەڵبەگی جاف دەبێژێ:

**من بەقەولی گۆران دەکەم قسە لەژێر هەوران دەکەم (باسی شتی نهێنی دەکەم)**

**هەمووی لەبۆ سۆران دەکەم ئیتاعەتی دەوران دەکەم**

**هەروا بووە و هەروا دەبێ**

**خاسان، وەبێ وەتەن دەبێ مورغان دوور لەچەمەن دەبێ**

**شاهان وە بێ کەفەن دەبێ دەوران وەکامی زەن دەبێ**

**(بنەماڵەی زەند ١١٧٢-١٢٠٩ کۆچی)**

**هەروا بووە و هەروا دەبێ**

**شۆرش لە ئێرانی دەبێ        سەری جۆش و گرانی دەبێ**

**گەلێ مەردان فانی دەبێ        رفی دۆستی گیانی دەبێ**

**هەروا بووە و هەروا دەبێ**

**تەیرێ وەک رەعدوبەرق دەبێ    گوێچکەی لەدووکەڵ غەرق دەبێ**

**(ئایا ئەمە "فڕۆکە" یە؟)**

**دەشتودەری پێ لەق دەبێ        بەرووی هەوا مۆلەق دەبێ**

**هەروا بووە و هەروا دەبێ**

**گەلێ دڵم بەتەنگ دەبێ        سەدای تۆپ و تفەنگ دەبێ**

**شەڕی سەرباز بەشەنگ دەبێ    ئێران دیلی فەرەنگ دەبێ**

**هەروا بووە و هەروا دەبێ**

شایانی باسە، یارسانییەکان شانازی بە بۆنە کوردییەکانەوە دەکەن. بۆ وێنە؛ جێژنی نەورۆز، بەو رۆژە دادەنێن کە خوا لەئەفراندنی جیهان بووەتەوە و لەسەرتەخت دانیشتووە و لەگەڵ یارانی کردوویەتی بە جێژن. یارسانییەکان، لەرۆژی جێژندا بە پێچەوانەی فارسەکانەوە، کە "هەفت سین" دادەنێن، ئەمان "هەفت شین" دادەنێن، وەک؛ شیر و شەکر... هتد.

### ١٢. "برای یاری"، یان "برای ئاخرەتی":

هەر یارسانییەک مافی ئەوەی هەیە برایەک بۆخۆی هەڵبژێرێ. جا ئەو برایە، یان راستەوخۆ هەڵدەبژێرێ، یان ئەو کەسە ئەو "برایە" لەخەوندا دەبینێ. ئەگەر لە خەوندا دی، مانای وایە، لەسەردەمێکی دیکەدا؛ لەرێی گەڕانی رەوانەوە، برای یەکبوون و جارەکی دی یەکدییان دۆزیوەتەوە. بەپێی رامانی یارسان، ئەم جۆرە برایەتییە لەو شێوەیەیە کە لەنێوان دایە رێزوار و مستەفا داودان بووە، وەک مینۆرسکی لەو وتارەدا دەبێژێ کە لەلاپەڕە (٢٠-٢١)ی وشەنامەی دەستیی ئیسلامدا **Handwörterbuch des Islam** باسیکردووە.

برایەتی بەستن لای یارسانییەکان، بەشکاندنی گوێز دەکرێ و، بەپێی رێسایەکی تایبەتی دەچێبەرێوە. کە لەوەدا نزایەک دەکرێ کە بە"نزای گوێز" بەنێوبانگە. بەڵام ئەگەر یارسانییەک سەری سپاردبوو لای بنەماڵەیەک، واتە لای بنەماڵەیەکی

یارسانی بووبوو بەئەندامی کۆمەڵگەی یارسانی، ئەوا نابێ لەگەڵ کەسێکی سەربەو بنەماڵەیە برایەتی یاری پێکبهێنێ. ئەو برایەتییە لای ئێزیدییەکانیش هەیە، بەڵام میرێکی ئێزدی دەتوانێ ببێتە برای شێخێکی ئێزدی، شێخەکە تفی دەمی خۆی دەداتێ و دەبێژێ "ئەز برایێ تەیێ ئاخرەت. " برای ئاخرەت نیوەی گوناهی برای خۆی لەو دونیا هەڵدەگرێ، ئەگەر براکەی قەرزاربوو و مرد، ئەوا دەبێ قەرزەکانیشی بداتەوە بە خاوەن قەرز. بەکورتی، برای ئاخرەت لەم ئاینانەدا رێیەکە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و، یارمەتیدانی یەکدی لەتەنگانەدا.

یارسانییەکان، سێ جێژنییان هەیە، جێژنی سوڵتان سەهاک، کە پاش سێ رۆژ رۆژووگرتن (لە **١٢-١٤**ی چلەی گەورە) و، جێژنی قوڵتاس (قووتاس) کە پاش سێ رۆژ رۆژووگرتن (لە **١٤-١٦**ی چلەی زستان)، هەروەها جێژنی نەورۆز، کە لەوەپێش باسمانکرد.

## ١٣. بوختانکردن و درۆودەلەسە هەڵبەستن؛ بە ئامانجی کۆکوژی لەلایەنگرانی ئاینە کوردییەکان:

مێژووی راستینە و دەستکارینەکراو، دەگێڕێتەوە بۆمان، پەلاماردانی عەرەب لەساڵی **٦٣٧** ی زایندا، کە لەبیابانی عەرەبستانەوە بەرەو کوردستان کشان، بیانووی ئەمانە بەربەرەکانی "کافران" و بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام بوو، ئەوەش لەرێی بەکارهێنانی زۆر و شەڕوکوشتارەوە. ئاشکرایە کاتێک کە عەرەبەکان بتیان لەدار و تەختە و بەرد و خورما دروستدەکرد و دەیانپەرست، کاتێکیش برسیبوونایە، گوێچکەیەکی بتە خورماکەیان دەخوارد، کورد لەرێی هیزری ئاینییەوە، یەکتا پەرستبون. کاتێک کە عەرەبەکان کچەکانیان، پاش لەدایکبوون، بەزیندوویەتی دەنایەگۆڕ، کورد کچەکانیان بەخێودەکرد و دەپاراست. کاتێک کە عەرەبەکان دژی شارستانێتی بوون، وەک کشتوکاڵ و، پیشەکارییان بەشەرم و شورەیی دەزانی، کوردەکان بەسایەیی هیزری میترایزم و مەزدایزمەوە، وڵاتیان ئاوەدان و رادەی رۆشنبیرییان لەعەرەبەکان گەلێک بەرزتر بوو و هەروەها شارەزووریان هەبوو کە مەڵبەندی زانستی بوو. کوردەکان زانستگەی هاران (حران)یان هەبوو کە فەلسەفە و زانستی یۆنانی تێدا دەخوێندرا. پاشان

ئەگەر یەکێک ئاین، یان هیزری خۆی بەڕاست بزانێ و بییەوێ خزمەتی بکات و، خەڵک والێبکا بچنە سەر ئەو باوەڕە، پێویستی بەخوێنڕشتن و داگیرکردنی وڵاتان نییە، بەڵکو دەتوانێ بەئاشتی و هێمنانە و لەڕێی وتووێژ و هەڵسوکەوتی ژیرانەوە، دڵی خەڵک رابکێشێ بۆی. عەرەبەکانی بیابان، بۆ کوردستان و، ئەو وڵاتەی کە ئێستا بەعێراق نێودەبرێ، زاراوەی "بلاد السواد" یان بەکاردەهێنا، کە مانای "وڵاتی سەوزایی" یە، واتە: هێندە سەوزە، رەش دەچێتەوە. کوردستانی ئەوسەردەمە، سنوورێکی یەکجار فراوانی هەبووە. فەرمانڕەوایەتی بەدەست شاکانی ساسانیەکانەوەبوو، کە بەکیسرا نێویان دەرکردبوو. کیسرا، وشەیەکی کوردیی مادییە و، لەنێوی کیاکسارەوە وەرگیراوە کە سێیەمین شای ماد بووە، لە **٥٨٥-٦٣٣** ژیاوە و لە **٦٠٥** ز. دا نەینەوای گرتووە و، کۆتایی بەدەوڵەتی ئاشوورییەکان هێناوە. کیاکسار بە ژیرەکی و چاکەخوازی نێویرۆیوە. کیسرا "بەهۆڤە خشەتر" یش نێوی ڕۆیوە. وشەی خەسرەو لەکیسراوە هاتووە. بەلێوردبوونەوەی خۆم دەرکەوتووە بۆم کە ئیمپراتۆرێتیی ساسان (**٢٢٤** ز. — **٦٣٠** ز.)، ئمپراتۆرێتیی فارس نەبووە، هەرچەندە هێندەک لەسەرکردەکانی فارس فەرمانڕەوابوون، وەک چۆن ئیمپرتۆرێتیی قاجاری لەئێراندا، ئیمپراتۆرێتیی ترکە قاجارییەکان نەبوو، ئەگەرچی بنەماڵەی قاجارییەکان فەرمانڕەوابوون. لێرەدا سەرنجی گوێگر رادەکێشم بۆ "تأريخ طبري" کە بەرهەمی محەمەدی ئیبنی جەریری تەبەری (محمد ابن جرير الطبري) زانا و مێژوو نووسی ئێرانییە کە لە ٣١٠ ی کۆچیی مانگیدا (**٩٢٢** ز.) لەبەغدا مردووە و، ئەم بەرهەمە بەنێوی "كتاب تأريخ الرسل والملوك"ەوە لەلایەن ابوعلي بلعمي یەوە بەفەرمانی مەنسووری کوڕی نووح لە**٣٥٢** دا کورتەیەکی کراوە بەعەرەبی. ئەم بەرهەمە باسی نامەیەک دەکات کە ئەردەوانی پێنجەم، دواشای ئەشکانییەکان (پارتەکان/الفرثيون) بە پیاوێکی خۆیدا ناردوویەتی بۆ ئەرتەخشێر (ئەردەشێر)ی پاپەکان و، ئەویش نامەکەی لەبەردەم خەڵکەکەدا خوێندووەتەوە. لەنامەکەدا هاتووە: "تۆ (ئەرتەخشێر) پێت لەبەڕەی خۆت پتر راکێشاوە و، بەوە خۆت لەمردن نێزیککردووەتەوە. تۆ ئەی کوردی پەروەردەکراو لەبن خێوەتی کورداندا، کێ رێیدا بەتۆ تاج بخەیتە سەرت". بەمەدا دەردەکەوێ کە ئەردەشێر دامەزرێنەری ئیمپراتۆرێتی ساسانی، کورد بووە و فارس

نەبووە. پەروەردەبوونی ئەرتەخشیری پاپەکان لەماڵی کورددا لە"کارنامەکی ئەرتەخشێری پاپەکان"دا تۆمارکراوە، کە لەوێدا وشەی کورد بەشێوەی کۆنی "کورت **kurt**" هاتووە و بۆ یەکەمینجاریش ئەم راستییەم لەوتارێکدا بەزمانی ئەلمانی لەژێرنێوی "زمانی نووسینی کوردەکان"دا لەساڵی **١٩٧٥**دا لە **Acta Iranica** دا بڵاوکردووەتەوە. تەیسەفوون کە پێتەختی ئیمپراتۆرێتیی ساسانی بوو لەکوردستانی ئەو رۆژەدا بووە. تاقیکیسرا کە لەنێزیک بەغدای ئەوڕۆیە، بەرد هاوێژێک لەجەلەولاوە دوورە کە جەلەولا ئەو شوێنەبوو کە شەڕی گەورەی نێوان عەرەب و کورد لەوێدا رویاندا و بە هەرەسهێنانی فەرمانڕەوایی ساسانی کۆتایهات. جەلەولا، ئێستەش، پاش چوارده سەتە و پاش ئەم هەموو بەعەرەب کردنەش هێشتا کورد و کوردستانە. ئەوجا چۆن پێتەختی ساسانییەکان لەکوردستان بوو، هەروەها،کاتێک کە سەرۆک هۆزی هەخامەنشی فەرمانڕەوایی وڵاتی مادی خستەژێر دەستی خۆی، پێتەختی مادەکان کە هەمەدان بوو، کردی بە پێتەختی خۆی و، دیارە فەرهەنگ و زمان و ئاین و تایبەتکارییەکانی میدیاشی کرد بەهی‌خۆی و مووخە زەردەشتیەکانیشی لەشوێن خۆیاندا هێشتەوە و، زۆر بەنەرمونیانی لەگەڵ مادەکان جووڵایەوە. ئەم هەڵسوکەوتە زۆرزانانەیەش، کارێکی وایکرد کە مادەکان بیر لەشۆرش و بەربەرەکانی نەکەنەوە. شاکانی ساسانیش هەروابوون، مەڵبەندی فەرمانڕەواییان کوردستان بوو، ئاینەکەیان زەردەشتییەکی شێوێندراو بوو. زمانی دەوڵەتەکەیان پەهلەوی بوو، کە ئەوروپاییەکان نێویانناوە "فارسیی نێوەڕاست". ئەز ژی ماوەیەکی زۆر لەو رووەوە بەهەڵە چووبووم، پاشان دەرکەوت بۆم کە پەهلەوی "فارسیی نێوەڕاست" نییە، بەڵکو زمانێکە، پێوەندییەکی رێزمانی و دەنگسازی و وشەنامەیی، بەشێوەزاری گۆرانی و فەیلیەوە هەیە، کە بنەزاری کوردیی هەورامانی بە فەهلەویات نێودەبرێ. شمس قیس رازی لەپەرتۆکی "المعجم في معاير أشعار العجم"دا کەسەرەتای سەتەی هەفتەمی کۆچی نووسیویەتی دەبێژێ، خۆشترین کێشی هۆنراوەکانیان "فەهلەویات"ە کە بەئاوازەکانیان دەگوترێ "ئەورامەنان" کە ئەمە هەورامانە. إبن خردادبە، (کە لە**٩١٣** ز.دا مردووە) لە"المسالك والممالك"دا شارەزووری بە بەشێک لەوڵاتی "فەهلەویزمانان" (پەهلەوییەکان) داناوە. شێوەزاری فەیلیش، زمانی کوردیی کوردەکانی

بەغدا و بەشێک لەخانەقینیەکان و کرماشانیەکانە. زمانی فارسی لەسەردەمی ساسانییەکاندا هەبوو، بەڵام زمانی فەرمی دەوڵەت و نووسین نەبوو، دووسەت ساڵ پاش رووخانی ئیمپراتۆرێتیی ساسانی، ئەوجا روودەکی و دوای ویش فیردەوسی، ئەم زمانەیان بەنێوی فارسییەوە کردە زمانی هەڵبەست. پێش ئەوە نێوی نەبوو. جائەگەر دەولەتی ساسانی، دەولەتێکی فارسی بووایە و پەهلەوی فارسی بووایە، دەبوو پاش رووخانی ساسانی، هەربە پەهلەوی بنووسرایە، یان زمانی دەوڵەتی ساسان فارسی بووایە نەک پەهلەوی. بێگومان ئەم باسە پتر ئاودەکێشێ و پێویستی بەلێکۆڵینەوەی کوور هەیە و جێی ئێرەنیە. بەڵام ویستم ئەمە بەکورتی بخەمە بەرچاو. داگیرکردنی کوردستان لەلایەن عەرەبەوە، بوو بەهۆی ئەوەی کورد دووسەت ساڵ بەچەک بەربەرەکانی عەرەب بکەن، گۆرستانەکانی کوردستان، کە هێندێکیان بەدۆڵی کافران و هێندێکیان بەدۆڵی ئەسحابان نێودەبرێن، گۆڤانی ئەوەن کە کورد بەرگرییان لەنیشتمان و کولتوری خۆیان کردووە. راستییەکەی زۆر سەیرە، کە چەندهەزار عەرەبێکی شمشێر بەدەست، لەوڵاتێکی دوورەوە بێنە کوردستانێک کە شارەزای هیچ لایەکی نەبن، بەڵام بتوانن بەسەر لەشکرێکی گەورەی ساسانیدا زاڵبن کە سەربازەکانی تیروکەوانیان هەبووە. دیارە هۆی ئەم ژێرکەوتنە بەتەواوی ساخ نەبووەتەوە، بەڵام گەندەڵیی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە، کە شاکانی ساسانی بەوپەڕی زۆردارییەوە وڵاتیان دەبرد بەرێوە و هەر لەخەمی ئەوەدابوون ژیانی خۆیان خۆشکەن و تەنانەت بەقسەی أبن البلخی خاوەنی "فارسنامە" کە لەلەندەن لە **١٩٢١** دا چاپکراوە، کیسرا (واتە خەسرەو)ی ساسانی، لەکۆشکەکەیدا **١٢** هەزار کەنیژەکی هەبووە. ئەم بارودۆخانە رۆڵێکیان دیتووە لەو تێکشکان و هەرەسهێنانە گەورەیەدا، کە بوو بەهۆی گۆڕینی مێژووی جیهان. بەڵام پاش ئەوەی کورد بۆیان دەرکەوتووە کە بەچەک دەرەقەتی پەلاماردەرانی عەرەب نایەن، هەوڵیان داوە لەرێی رۆشنبیرییەوە بکەونە بەرخۆدان. دیارە نەیانوێراوە بە ئاشکرا ئەوە بکەن، چۆنکە عەرەبەکان دوژمنایەتییەکی توندیان بەرامبەر ئاینی زەردەشتی و مانیەتی نواندووە و، بەشێکی گەورەی ئاڤێستایان لەنێوبردووە و ژمارەیەکی زۆر لەزەردەشتییەکانی ئەوسەردەمە، رەڤیاون بۆ هندستان. شایانی باسە ئەم درندەیەتییەی عەرەب بەرامبەر بە

کورد و فەرهەنگی کورد کاتێک بووە کە قورئانی موسڵمانان، دانی بەئاینی زەردەشتیدا (وەک ئاینی مەجوس) ناوە و زەردەشتییەکانی، وەک جوو، دیان، مەندایی بە "خاوەن پەرتۆک" (أهل الکتاب) نێو بردووە. **"إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيد"** (خوا لەنێوان ئەوانەدا کە باوەڕیان هێناوە و، ئەوانەی جولەکە و سوببە و دیان و مەجووسن و، ئەوانەی هاوبەشکارخوازن "موشریک"، لەڕۆژی پەسلان "قیامەت"دا داوەری دەکات. دیارە خوا گۆڤان "شایەت"ە لەسەر هەمووشتێک)، (الحج/۱۷) لەبەرئەوە کورد بە نهێنی کەوتوونەتە چالاکی. فەیلەسووفی کورد، باڵوولی زانا کە بە بالوولی مادی و ماهی نێویان بردووە، (لەسەتەی دووی کۆچیدا بەدزییەوە، ڕێوڕەوشی ئاینی یارسانی بەزمانی کوردی، بە یارانی خۆی ڕاگەیاندووە و، ئەوانیش لەسنگی خۆیاندا پاراستوویانە و دەماودەم بە یەکیان گەیاندووە. ئەوجا لەبەر ئەوەی لەترسی کوشتن و بڕین نەیانوێراوە بە ئاشکرا باوەڕەکەی خۆیان بەخەڵک بگەیەنن، بوونەتە ئامانجی گومان و تۆمەتبارکردن و بوختان بۆکردن. کە ئەمەش بەدرێژایی ئەم سەتە دووردودرێژانە و، تا ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە.

هەر لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسیەکانەوە تا دەگاتە سەردەمی سوڵتانی عوسمانی و سەفەوی و قاجارییەکان و هەتا سەردەمی روخاندنی ئەم دوو ئیمپراتۆرێتەی (عوسمانی و قاجاری) بەدەستی ئیمپریالیستەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و، پاش ئەوەش کە بەریتانیا و فەڕەنسا، دەوڵەتی ناسیۆناڵیان بۆ ترک و عەرەب و فارس دامەزراند، ئێزیدییەکان و یارسانییەکان و ئالەوییەکان، چەندجار و چەندجار بوونەتە نیشانەی کۆمەڵکوژی بەدەستی ئەم داگیرکەرانە. کە لەوانەدا زۆر بەداخەوە، هێندەک کوردی نابەرپرسیاریش دەستیان لەوکارانە، یان لەهاندانەدا بۆ ئەو کارانە هەبووە. بۆوێنە: پەلاماردانی میری کۆرە، میری میرنشینی سۆران بۆ سەر ئێزیدییەکان، بەهاندانی مەلا یحییای مەزۆری و مەلای خەتێ بووە. هەروەها دووبارەکردنەوەی درۆ و بوختانی دوژمنانی کورد، لەلایەن شێخ رەزای تاڵەبانییەوە **(۱۸۳۷-۱۹۱۰)** کەگوایە یارسانییەکان (کاکەییەکان) شەوەڕەشێکیان هەیە و بەئاو و تاوەوە دەیگێڕێتەوە و دەشڵێ بیستوومە

(نەک دیومە). ئەم بوختانی "شەوەڕەشە"؛ بە ئێزیدییەکان و ئالەوییەکانیش دەکرێ و نێویان ناوە (چراپف) گوایە ژنان و پیاوان کۆدەبنەوە و مۆمێک دادەگیرسێنن و کەڵەشێرێک دەهێنن، کە هێندە تەنگاویدەکەن دەکەوێ بەسەر مۆمەکەدا و مۆمەکە دەکوژێتەوە و ئەوجا لەپاڵ تاریکیدا دەکەونە یەکدی و پاش ئەمە گوناهەکەی دەهێنن بەسەر کەڵەشێرەکەدا و سەریدەبڕن. ئەم بوختانە، بە شەبەکەکانیش دەکرێ، کە ئەوانیش سەربە ئاینێکی کوردین و لەدەوروبەری مووسڵ دەژین. {تەماشای احمد حامد الصراف، لەپەڕتۆکەکەیدا (الشبک من فرق الغلات في العراق، بەغدا **١٩٥٤** ل. **١٤٠-١٤١**)بکە}. ئەم بوختانە دەخرێتە پاڵ بەهائیەکانیش، کەگوایە ئەوانیش کۆبوونەوەیەکیان هەیە، لەو کۆبوونەوەیەدا خۆرمایەک دەبەخشنەوە کە پێی دەڵێن "خۆرمای بابی"، ئەوی ئەو خۆرمایەی خوارد، کەیفی هەڵدەستێ و سەرخۆش دەبێ و بەوجۆرە دەکەونەکار. بەم پێیە، دەبێ دانەی "ڤیاگرا" بەهاییەکان پێش دووسەت ساڵێک دایانهێنابێ. راستیەکەی ئەنفال هەر لەهەشتاکانی سەتەی رابوردوودا لەکورد نەکرا، بەڵکو هەرلەپاش رووخانی دەوڵەتی مادەوە ئەنفال لەکورد دەکرێ هەتا ئەمڕۆ. جارێک ئەنفال لەگیان، جارەکی‌دی ئەنفال لەکولتوور. بۆ پاراستنی کورد، هەر ئەوەنییە ژیانی کورد و سەرزەوی کوردستان بپارێزدرێ، بەڵکو کولتووری کوردیش دەبێ بپارێزدرێ. ئاین بەشێکە لەکولتوور، رامانی ئاینە سینکرێتیستەکان، وەک یارسانی و ئێزیدی و ئالەوی و شەبەک و سارەیی و باجوانی و هەققە و رێبازی دەروێشەکان، کولتووری کوردن، پێویستە لەڕێی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، لەژێر نێوی باوەڕی ئاینیی کورددا، داوای پاراستنیان بکرێ. یەکگرتنێک لەنێو ئەو ئاینانەدا و دۆزینەوەی نێوێکی گشتگر بۆ هەموویان کارێکی یەکجار پێویستە لەم رۆژەدا.

**زۆرسوپاس بۆ گوێگرتنتان.**

**تێبینی : ئەم سەمینارە بە تێکۆشینی هاوبیری هێژا سمکۆ عەلی، کە ئەرکی تایپکردنی دەقەکەی گرتەخۆی، هاتە بەرهەم. لەکانی دڵمەوە سوپاسی دەکەم، هیوام وایە نموونەی زۆربێ.**

**جەمال نەبەز**

# کۆبەرهەم

**لەزنجیرەی ئەم کۆبەرهەمەدا تائێستە ئەمانەی خوارەوە بڵاوکراونەتەوە:**

١- ژمارە (١) هێندێک لەکێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم/بابەتی بیرکاری و تیۆری ژمارە (١) بەرگی یەکەم، چاپی دووەم-هەولێر کوردستان ٢٠٠١، بڵاوکراوەی رۆژنامەی (میدیا) ژمارە (٢) چاپی یەکەم-بڵاوکراوەی (سۆکسە) لقی سوێد، ستۆکهۆڵم، ٢٥٩٦ک/١٩٨٤ز.

٢- ژمارەی (٢) بیری نەتەوەیی کوردی، نەبیری "قەومیەت"ی رۆژهەڵاتی و نەبیری "ناسیۆنالیزم"ی رۆژئاوایییە. بابەتی بیرکاری و پیتۆری ژمارە (٢) چاپی دووەم، لەندەن ٢٠٠٢ بڵاوکراوەی کوردنامە، چاپی یەکەم ١٩٨٤ ستۆکهۆڵم.

٣- ژمارەی (٣) کوردستان و شۆڕشەکەی، چاپی دووەم (ئەلیکترۆنی) بە کوردی ٢٠٠٣، زنجیرەی سەمینارەکان و کۆڕە زانستییەکان ژمارە (١) چاپی یەکەم بەزمانی ئەڵمانی. بڵاوکراوەی NUKSE میونیخ ١٩٧٢، چاپی یەکەم بەکوردی، سوێد ١٩٨٤، چاپی دووەم بەکوردی، هەولێر ٢٠٠٧.

٤- ژمارە (٤) ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد لەچەند سەمینار و کۆڕێکی زانستیدا، بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە، لەندەن ٢٠٠٢ چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٧، زنجیرەی سەمینارەکان و کۆڕە زانستییەکان، ژمارە (٢)، ئەم بەرهەمە پێنج بابەتی لەخۆگرتووە: ١- پێوەنداریتیی کوردی، ٢- دۆزی ناسیۆنالی کورد، ٣- سەمیناری کوردستان، راپۆرتێک لەسەر بارودۆخی ئێستەی نەتەوەی کورد و وتوویژ لەسەرباری کوردستان. ٤- کورد و شۆڕش. ٥. بارودۆخی ئێستەی نەتەوەی کورد و پێشبینی دوارۆژی.

٥- المستضعفون الكورد واخوانهم المسلمون، سلسلة السمينارات والمحاضرات العلمية رقم (٣)، الطبعة الثالثة، السليمانية-جنوب كوردستان ٢٠٠٦، الطبعة الاولى-لندن ١٩٧٧ من منشورات كوردنامە.

٦- ژماره (٦) زنجیره وتار و وتوویژ لەگەڵ دەزگەی راگەیاندنی گشتی ژماره (١) سلێمانی ٢٠٠٦.

٧- ژماره (٧) زنجیره وتار و وتوویژ لەگەڵ دەزگەی راگەیاندنی گشتی ژماره (٢) سلێمانی ٢٠٠٧.

٨- وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی، چاپی یەکەمی ئەلیکترۆنی ٢٠٠٨/ماڵپەڕی کوردبوون و ماڵپەڕی کۆنگره (زمانڕەوشی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان).

www.kurdbun.de
www.kurdbun.com
www.kurdbun.net
www.kncscandinavia.com

٩- ئێسته و پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەرگڕی ئاگری جەنگی عێراق و ئێران دا، چاپی یەکەم ستۆکهۆڵم ١٩٨٩. چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٨.

١٠- فەلسەفە و رامانی یارسانی لەفەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا، چاپی یەکەمی ٢٠٠٩ز/٢٧٠٩ک.

کۆبەرهەم ژمارە (١٠)،
زنجیرەی سەمینارەکان و کۆڕە زانستییەکان ژمارە (5)

نێوی پەرتۆک: فەلسەفە و رامانی یارسانی لەفەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا
نووسەر: جەمال نەبەز
تایپکردن و دیزانی بەرگ: سمکۆ عەلی
ئامادەکردنی بەشێوەی پەرتۆک: سیروان کاوسی
چاپی یەکەم (لەسەر ئینتەرنێت) ٢٠٠٩ ز./ ٢٧٠٩ ک.
چاپی یەکەم، لەشێوەی پەرتۆک لەلایەن کۆمەڵەی یارسانەوە لەیۆتۆبۆری ٢٠٠٩ ز.
مافی چاپکردنەوەی تەنێ بەدەست نووسەرە.

Jemal Nebez

# Mundane and Religious Thinking of the Yarsanis (God's Friends) in the Wider Kurdish Culture and Community

Presentation held in Kurdish language on the 26th of
April, 2008 in
Göteborg (Sweden) organised by the Kurdish-Yarsani-
Association
and supported by eight other Kurdish Associations in
Sweden

**First published in Göteborg 2009**
**First Internet publication 2009**